# گوتاری مانەوە لە ڕۆمانی "بەندەر فەیلی"ی بەختیار عەلی

## بەپێی چوارگۆشەی واتایی-گریماس*

**هەرێم عوسمان مەعروف**
بەشی فیزیا، کۆلێجی زانست،
زانکۆی سلێمانی
harem.maruf@univsul.edu.iq

**پ. د. عەلی تاهیر بەرزنجی**
بەشی کوردی، کۆلێجی زمان،
زانکۆی سلێمانی
ali.hussein@univsul.edu.iq

**پوختە**

چوارگۆشەی واتایی یان نیشانەیی نموونەیەکە بۆ شیکاریی دەق، گریماس لەسەر بنەمای دووانەی بەرامبەری بونیادی ناوە، بەو پێیەی نیشانەکان لە پەیوەندیدا نەک بە تەنیا واتا پەیدادەکەن، پەیوەندیی دووانەی بەرامبەریش تۆوی پەیوەندیگەلی نوێن، کە لە دووانەیەکەوە بۆ چەندین دووانە گەشە دەکات. "ئازادی"و "بەندی" لەڕۆمانی "بەندەر فەیلی"دا گەردوونێکی نیشانەییان سازکردووە و بنەڕەتن بۆ پەیوەندیی نوێی نیشانەیی، لەنێو ئەو پەیوەندییە نوێیەشدا "گوتاری مانەوە" لەدایکدەبێت، کە خۆگونجێنە و چۆنێتی بەلاوە گرنگ نییە، بیر لە چەند مانەوە دەکاتەوە، لەبەرئەوە بەندەر وەک بەندێکی ئازاد و ئازادێکی بەند؛ بە هەناسەی دەستکرد دەژی. بەندەر هەڵگری زنجیرەیەک نیشانەی واتایی مێژووکردە، بەرامبەرەکەشی ڕژێمی بەعس و ئایدۆلۆجییەکەیەتی بەهەمان شێوە، ئەم دووانەیە لەناو مێژوویەکی درێژی ململانێدان، نیشانە واتاییەکانی ئەم ڕۆمانە لەنێو ئەو مێژووەوە هەڵدەقوڵێن. بەندەر وەک منداڵێک لەدەرەوەی ئەم تێگەیشتنە مێژووییە، لەو واقیعەدا

لەدایکدەبێت؛ لە باوکێکی عەرەبی بەعسی و دایکێکی کوردی فەیلی. چیرۆکی ڕۆمانەکە زادەی چەندین نیشانەی بەرانبەر و ناکۆکە، چوارگۆشەی واتایی گریماسیش جەختی لەسەر پەیوەندییە دژ، ناکۆک و تێهەڵکێشەکانە، تیۆرەکەی گریماسیش تێهەڵکێشی فۆرمالیست و بونیادگەرییە، کە سیمۆلۆجی گێڕانەوەی لێ بەرهەمهاتووە.

وشە سەرەکییەکان: گوتاری مانەوە، دژ، ناکۆکی، تێهەڵکێش، چوارگۆشەی واتایی.

## پێشەکی:

گریماس یەکێک لە دامەزرێنەرانی گێڕانەوەناسی فەرەنسایە کە بە کاریگەری فۆرمالیست و بونیادگەراکان، هەوڵیداوە موتوربەی ئەو دوو قوتابخانەیە بە سیمۆلۆجی بکات و تیۆریی واتا لە گێڕانەوەدا دابمەزرێنێت؛ گێڕانەوەناسیش لقێکە لە نیشانەناسی. گریماس لە تیۆرییەکەیدا جەخت لەسەر واتا دەکات، نموونەی چوارگۆشەی واتایی(Semantic square) وەک یەکێک لە بنەماکانی لەدایکبوونی واتا دەبینێت و پێیوایە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا واتا لەدایکدەبێت، واتاش سەر بە بونیادی قووڵە و گوتاری دەق لە ڕێگەی زنجیرە وێنە داهێنراو و بەرجەستەکانەوە دادەمەزرێت.

ڕۆمانی "بەندەر فەیلی"، ڕۆمانێکی تازە بڵاوکراوەی "بەختیار عەلی"یە و کردوومانە بە نموونەی هەڵبژێردراوی توێژینەوەکەمان. ڕۆمانەکە بەسەرهاتی منداڵێکی کوردی فەیلییە، کە باوکێکی بەعسی و دایکێکی کوردی فەیلی هەیە، زان، بوون و ژیانی ئەم منداڵە لەناو ئەو ناکۆکی و بەرامبەرییە مێژووییانەدایە کە چوارگۆشەی واتایی گریماس جەختی لەسەر دەکاتەوە، لەبەرئەوە تیۆریی هەڵبژێردراومان سازە بە گوتار و ناوەڕۆکی گێڕانەوەی

ڕۆمانەکە، هاوکات گوتاری بنەڕەتی ڕۆمانەکەش بەرجەستەی دووانەی "ئازادی" و "بەندی" دەکات، کە خودی ناوی "بەندەر"یش هەڵگری پەیوەندیی دژ و بەرامبەرییە "بەند" و "دەر". دووانە دژ و بەرامبەرەکان بواری چەندین پەیوەندیی واتایی دەڕەخسێنن، لەسەر ئەم بنەمایە چوارگۆشەی واتایی گریماسمان بۆ شیکاری ئەو پەیوەندییانە ڕەچاو کردووە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

چوارگۆشەی واتایی جەخت لەسەر دووانە دژ و ناکۆکەکان دەکاتەوە، پانتایی گێڕانەوە و گوتاری ڕۆمانی بەندەر فەیلیش دەکەوێتە ناو هەمان پەیوەندییەوە، هاوتایی و نزیکی تیۆر و بابەتی پراکتیکمان هۆکارێکی سەرەکییە. لەلایەکی دیکەشەوە نووسینی ئەم ڕۆمانە لەم کاتەدا کە دژی ئەو نۆستالژییە کار دەکات بۆ ڕژێمی پێشوو هەیە، گرنگ و ئاگامەندانەیە، ئێمەش بەپێویستمان زانی ئەم گوتارە ناونشین و نووستووەی ناو ڕۆمانەکە بە ئاگابهێنین.

**پرسیاری توێژینەوەکە**: ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بداتەوە،

١ـ چوارگۆشەی واتایی گریماس کە جەخت لەسەر نیشانە و پەیوەندییە دژ و ناکۆکەکان دەکاتەوە، چەند لەگەڵ نیشانە واتاییەکانی ڕۆمانەکەدا دێتەوە؟

٢ـ گوتاری مانەوە، پەیوەستە بە کارە تیۆرییەکانی ڕۆماننووسەوە، چەند لەگەڵ گوتاری ڕۆمانەکە دێتەوە کە دەکەوێتە ناو گێڕانەوەوە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە**: گریمانەی توێژینەوەکەمان ئەوەیە چوارگۆشەی واتایی کە لەسەر بنەمای پەیوەندیی دژ، ناکۆک و لەخۆگرتنە، جیاوازی و لێکچوونی لەگەڵ دەقەکەدا هەیە، ئەمەش لەسەر بنەمای بونیادی ڕووکەش و قووڵی دەقەکە دەخوێنرێتەوە، کە تیۆری گریماس لە ڕێگەی چەمکی 'نوقسان – کەمی' بواری 'ناکۆکی گوتاری' چەند گرووپ و دەستەی جیاوازمان لە

دەقەکەدا بۆ ڕۆشن دەکاتەوە؛ بە واتایەکی دی چەمکی ئازادی و بەند یان ئازادی و نائازادی، هەروەها هەستکردن بە ئازادی، بێ ئازادبوون- بێ ئەوەی بەندبی-، یان وا هەستکردن کە ئازادی و خۆفریودان-ئازادکردن بێ ئازادبوون- کۆیان دەکاتەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە**: گواستنەوەی چەمک و زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە و جێبەجێکردنیان لەناو زمان و دەقی ئەدەبی نەتەوەیەکی جیاواز گرفتێکی گەورەیە. چەمک و زاراوە گریماسییەکان لەناو توێژینەوەی کوردیدا کەم کاری لەسەر کراوە، لەبەرئەوە لەناو زمانەکەماندا پەروەردە نەکراوە، بەڵام لە ڕەخنەی ئەدەبی فارسی و عەرەبیدا زۆرتر ئامادەن، کەواتە کەمی سەرچاوە و وشەگەلی پەروەردەکراو بۆ تیۆرییەکە کێشەن، لەبەرئەوە هەوڵمانداوە سوود لە سەرچاوە ئەوروپییەکان ببینین.

**میتۆدی توێژینەوەکە**: میتۆدی توێژینەوەکە (پەسنی، شیکاری ڕەخنەگرانە)یە.

**گرنگی توێژینەوەکە**: تیۆر و بابەتی پراکتیکی توێژینەوەکە بۆ توێژینەوەی ڕەخنەی گێڕانەوە نوێن، لەبەرئەوە بەشێک لەو چەمک و زاراوە گریماسییانە دێنە ناو زمانی کوردی و لەسەر ڕۆمانێکی نوێی ڕۆماننووسێکی کورد جێبەجێدەکرێن.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**: توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دەروازە و دوو تەوەر پێکهاتووە، چوارگۆشەی واتایی تەوەری یەکەم پێکدەهێنێت، تەوەری دووەمیش ناساندنی ڕۆمانەکە و جێبەجێکردنی چوارگۆشەی واتاییە لە ڕۆمانەکەدا.

**دەروازە، پێشینەی هزری گریماس و پێگەی لەناو گێڕانەوەناسیدا**

گێڕانەوەناسی "Narratology" مێژوویەکی دێرین و نوێی هەیە.

ڕەچەڵەکی زاراوەی گێڕانەوە "Narrative" بۆ "Narrara" لاتینی و "Gnarus" یۆنانی دەگەڕێتەوە، کە بە واتای ناسین و زانین دێت. گێڕانەوەناسی لە یۆنانیی کۆن و لای ئەرستۆ ئاماژە سەرەتاییەکانی دەرکەوت، بەڵام زاراوەکە بۆ یەکەمجار تۆدۆرف لە کتێبی "ڕێزمانی زمانی دیکامیرۆن" بەکاریهێناوە و بەشێوەیەکی نوێ ئەم چەمکەی خستۆتە بەرباس. (مکوئیلان، ١٣٩٥، ١١) گێڕانەوەناسی بە سێ قۆناخی سەرەکی تێپەڕیوە: پێش بونیادگەری تا ١٩٦٠، بونیادگەری لە ١٩٦٠ تا ١٩٨٠، پاش بونیادگەری لە١٩٨٠ تا ئێستا. (مکاریک، ١٣٨٣، ١٤٩) یەکەم تیۆری گێڕانەوەش بۆ فۆرمالیستە ڕووسەکان و بەتایبەت بۆ کارەکەی پرۆپ لەسەر شێوەناسی چیرۆکە میللییەکان-١٩٢٨ دەگەڕێتەوە، وەک زانست و لقێکی گرنگ لە ئەدەبیاتناسی ڕیشەکەی بۆ بونیادگەراکان دەگەڕێتەوە. (عباس، مرادی، ١٣٩٦، ٢٦١). سەرچاوەی سەرەکی هزری بونیادگەری بۆ ئەو گۆڕانە بنەڕەتیەی سۆسێر لە زمانناسیدا هێنایەئاراوە، دەگەڕێتەوە، بەڵام گۆڕانی جیهانبینی ئەدەبناسی لە پاش سەدەی بیست سەرچاوەکەی بۆ فۆرمالیست و بونیادگەراکان دەگەڕێتەوە. (صفوی، ١٣٩٨، ١٠٦) لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە بونیادگەر و پاش بونیادگەرەکان لە چوارچێوەی ئەدەبناسی پوخت نەمانەوە و پەنایان بۆ پانتایی و بوارە جیاوازەکانی دەرەوەی دەق برد تا لە دەق تێبگەن. لەم نێوەندەشدا سیمۆلۆجی نوێ ڕۆڵی گرنگی هەبوو کە ڕیشەکەی بۆ سۆسێری فەرەنسی و پێرسی ئەمریکی دەگەڕێتەوە.(سیبیاک، ١٣٩٩، ٢٩_٣٠) گێڕانەوەناسی لەناو پانتایی دونیایەک ڕێباز و تیۆری ئەدەبی دەرکەوت، بە تایبەتیش لەناو زەمینەی فۆرمالیست، بونیادگەری و سیمۆلۆجی. تیۆری نیشانە/واتاناسی گێڕانەوەی گریماس تێهەڵکێشی بونیادگەر و سیمۆلۆجییە، بەڵام لە جیهانبینی فۆرمالیستی خاڵی نییە، ئەوەش بڵێین کە بونیادگەری ئاسۆیەکی فراوانتری بۆ جیهانبینی

فۆرمالیستەکان لەبارەی ئەدەبناسی کردەوە، نیشانەناسیش بۆ بونیادگەری هەمان ڕۆڵی گێڕا، بە جۆرێک وەک ڕزگارکەر و ناوەندی پەڕینەوە بوو کە بونیادگەری لە قەیران ڕزگارکرد و لە پاش بونیادگەری نزیکی کردەوە، (شارەزووری، ٢٠١٥، ١٢٨)، گریماس و ڕۆلان بارت دەکەونە هەناوی ئەم گۆڕانەوە و خۆیان لە گۆڕانکارەکانن.

گریماس بە کاریگەری زمانناسی سۆسێر و ئەو گۆڕانانەی هلمسێلف زمانناسی دانیمارکی لە تیۆری نیشانەناسی سۆسێر ئەنجامیدا بەشێک لە تیۆرییەکەی بونیادنا و گۆڕانیشی بەسەردا هێنا. گریماس دەڵێ: "نیشانەناس پێی شەرم نییە هزری ئەوانیتر هەڵبگرێتەوە و زانینی ئەزموونی لەوانیترەوە بگوێزێتەوە: ئەوە چییە ئەو شتەی کە لەناو گەڕانماندا بە ڕیشە فەلسەفییەکانی سۆسێر یان هلمسێلف نایدۆزینەوە؟ ئەوەی لای نیشانەناس گرنگە جووتکردنی ئەم هزرانەیە لەگەڵ دیفاکتۆی کایە مەعریفییەکەی خۆیدا"(غریماس،٢٠١٨، ١١٢). نیشانەناسی هلمسێلف بەپێچەوانەی نیشانەناسی سۆسێرە کە پەیوەندیی دال و مەدلوول لە دەستتێوەردانی دەرەکی و دونیای دەرەوە خاڵییە، هلمسێلف دال و مەدلوول بە فۆرم و ناوەڕۆک دەگۆڕێ و پەیوەندییەکەشیان وەک پەیوەندیی دنیای دەرەوە و ناوەوە دەبینێت و هۆی دەرەکی دەهێنێتە ناو پەیوەندییەکەوە.(شعیری، ١٣٨٨، ٣٨) هاوکات گۆڕان و گواستنەوەکەی گریماسیش ئەوەیە کە پێیوایە، پەیوەندیی لە خۆوەی دال و مەدلوول بەبێ سانسۆری ئەندێشەی مرۆڤ بەدی نایەت، سازانی نیشانە لە دال و مەدلوولدا لە هەناوی دەستتێوەردان و سانسۆری ئەندێشەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت،"سازانیش یەکێکە لەو پێوەرە کەمانەی هەقیقەت کە مرۆڤ ئەندێشەی کردووە" (Greimas،١٩٨٧، ٦١). گریماس وەک پاش بونیادگەرێک پێیوایە خودی دال دەبێتە واتا و نەبوونی واتاش واتایە؛ دابڕان لە

واتاش واتاسازییە، لەبەرئەوە نیشانە پەیوەست بە ئەدەب و گێڕانەوەوە لە پەیوەندیی بە ئەزموون-هەست و سۆز و لایەنی رۆحی؛ تێگەیشتنی زەینی دەڕەخسێت(گرمس، ۱۳۸۹، ۳۹-۵۷)، بۆیە بە کاریگەری هلمسێلف نیشانەی لە دۆخی میکانیکی بۆ بزۆز و داینامیک گۆڕی. گێڕانەوەش وێنەیەکە کە پەیوەندیی لەنێوان گێڕانەوەی گێڕاوە/باسکراو و گێڕانەوەی گوێزراوە/باسلێکراو دەسازێنێت.(سرکاریزی و ئەوانیتر ۱۳۹۸، ٦۱) گریماس گێڕانەوەی گێڕاوە وەک گوتار و گێڕانەوەی گوێزراوەش وەک چیرۆک ناودەنێت، هەروەها جیاوازی بەرهەمهێنانی واتا پەیوەستە بە گێڕانەوەی چیرۆک و گوتارەکەی. دیارە جیهانبینی و تیۆری نیشانەناسی گێڕانەوەی گریماس لەناو زنجیرەیەک تیۆری و فەلسەفەی دێرین و هاوچەرخ لەدایکبووە، هەوڵدەدەین لە خستنەڕووی چوارگۆشەی واتاییدا بەپێی پێویست ئاوڕیان لێبدەینەوە.

## تەوەری یەکەم

### ١ـ چوارگۆشەی نیشانەیی/ واتایی Semiotic square

گریماس بایەخێکی گرنگ بە پەیوەندییە جیاوازەکانی ناو دەق دەدات، لەبەرئەوەی بەرهەمهێنەر و دەرخەری نیشانە و واتان؛ پەیوەندیی نێوان ئەکتانتەکان**، تا چوارگۆشەی واتایی و پەیوەندییەکانی: دژ/بەرامبەری، ناکۆک/پێچەوانە و لەخۆگرتن/تێهەڵکێش، دەبنە کارگەی بەرهەمهێنانی واتا و گوتاری گێڕانەوە. چوارگۆشەی نیشانەیی نموونەیەکی دامەزرێنراوە، کە دەق لە ڕەهەندە دەستنیشانکەرەکەیەوە بۆ ڕەهەندە نیشانەییەکەی دەبات.(بوعطیة، ۲۰۱۳، ۵۸)، لەبەرئەوە چوارگۆشەی واتایی بونیادێکی بنەڕەتییە بۆ شێوەگرتنی نیشانە، گوتار و واتای دەق(مەنتک، ۲۰۱۸، ۲۱۱) کە دەکەوێتە ئاستی قووڵەوە و لە زنجیرەی وتراوەکان بۆ مێتاگوتن و گوتاری دەق تێدەپەڕێت و دەق دەبێتە


گشتێکی نیشانەیی کە لە شێوەی کۆکردنەوەیەکی کامڵدا هەڵدەوەشێنرێتەوە بۆ دانە و بەشە پێکهێنەرەکانی، یاخود وێنەیەکی هەمەکییە دابەشی وێنە بچووکەکان دەکرێت، بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی لەدایکبوونی یەکە نیشانەییەکان و پەیوەندییەکانی بەپێی بەستێنە(سیاق) جیاوازەکان.(غریماس، ٢٠١٨، ١٠٩).

بنەمای تیۆریی گریماس پەیوەستە بە دۆزینەوە و دەرهێنانی واتا لە گێڕانەوەدا، فەرزان سجودی دەڵێ "دەرهێنانی واتاش لەسەر پەیوەندیی بەرامبەریی لەنێوان ئاستی "دەرهەست" و ئاستی "دەرکەوتن" وەستاوە، کە لەنێوان جۆرێک جێگرتنی تایبەتمەندییە ڕێتێچووەکانی جیهانە لە زەیندا، سەربەخۆ لە هەر زمانێکی دیاریکراو و لە پۆلێنکارییە بەرهەستەکانی ئەم تایبەتمەندییانە لە چوارچێوەی وشە و ڕستەی زمانێکی دیاریکراودا. ئاستی دەرهەست هەڵگری مۆرکگەلی بچووکترین یەکەی واتاییە کە بەرهەمی بەرامبەری-دژن"(سجودی، ١٣٨٢، ٧٥). خودی واتا کە بۆ شتەکان دادەنرێت لە پەیوەندییەکی دوولایەندایە لەنێوان وێنەی هۆشەکی/دەرهەست و وشەدا، لە زمانە جیاوازەکانیشدا لێکسیمەکان و وێنە هۆشەکییەکان وەک یەک نین، هەروەها دووانە بەرامبەرەکان بەها و پلەی واتایی جیاواز لە یەکدییان هەیە، ژیان ئەرێنی و مردن نەرێنییە، ڕەش بەرامبەر بە سپی نزمترە، کە دیارە بەپێی کەلتوور و بەستێنە جیاوازەکان ماناگەلی جیاوازیان هەیە، لەبەرئەوە ئەم ڕەگەزانە گورزێک چەمک و نیشانە چالاک دەکەن، کە وەک تۆڕێک دەتوانین واتایان پێ ڕاوبکەین، لەبەرئەوە بەشێک لە بونیادگەرەکان وەک سازدەری "ژێرخانی کەلتوور"ی ناوی دەبەن. نیشانەناسە فەرەنسییەکان و بەتایبەت گریماس هەوڵیاندا کە مۆدێلێک بۆ دووانە بەرامبەرییەکان نەخش بکەن، کە فراوانتر و هەمەلایەنتر لە دووان (B/ A) بێت، گریماس ئەم مۆدێلەی لە ئەدەب و بەتایبەت گێڕانەوەدا جێبەجێکرد.(جونقانی، ١٣٩٥، ٢٢).

لە فەرهەنگی نیشانەناسیدا چوارگۆشەی واتایی/نیشانەیی بەم جۆرە باسکراوە: ١ـ واتای بونیادە سەرەتاییەکانی نیشانە[seme] دەگەیەنێت ٢. ڕەشنووسێکە کە ناکۆکی و دژیەکی پێکەوە دەبەستێ. ٣ـ نموونەی ناوەڕۆکی گێڕانەوە و پەیوەندییەکانە. ٤ـ بە وێناکردنی دیدەیی دەوترێ، کە بەشێوەی لۆجیکی لەناو وتەیەکی هێماییدا جێگەی گرتووە.(عەلوش، ١٩٨٥، ١٥٠) بۆیە چوارگۆشەی واتایی وێنابوونێکی دیدەیی یان بینینەکییە بۆ کۆمەڵێک پەیوەندیی و گەمەی لۆجیکی لە یەکە نیشانەییەکانی هەر بونیادێکدا، کە گریماس بۆ پەیوەندییەکانی ناوی سوودی لە لۆجیکی ئەرستۆ وەرگرتووە.(مەنتک، ٢٠١٩، ٤٩؛ کەمال، ٢٠١٥، ٨٤) توێژەر پاش ئەوەی دەرکەوتە ڕووکەشەکانی دەق کورتدەکاتەوە و گرنگی بە بەرجەستەبوونی ململانێی نێوان گێڕانەوەی دامەزراو لەسەر پەیوەندییەکانی دژیەکی، لە خۆگرتن، ناکۆکی دەدات، ئەمەش لەپێناو نیشاندانی زنجیرەی وێنەکان و وێنە بنەڕەتییەکان کە بنەمای گوتاری دەقن.

گریماس چوارلای چوار گۆشەکە لە دوو دانەی بەرامبەر/دژەوە دەهێنێتە گۆڕێ، وەک "ژیان و مردن"، لەم دوو زاراوە دژەوە دووانی دیکەی پێچەوانە لەدایکدەبن"نا-ژیان و نا-مردن"، پەیوەندیی ئەم چوارەش دەکرێت بۆ زیاتر درێژ ببێتەوە، وەک لەخۆگرتن کە لە ناکۆکی/پێچەوانەوە دەکەونەوە"ژیان و نا-ژیان یان مردن و نا-مردن" یاخود "مردن و نا-ژیان یان ژیان و نا-مردن"، گریماس پەیوەندییەکە بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە: "گەشەکردنێکی لۆجیکییانەی وتەیەکی پێکهێنەری دوو سەرەیە، لە جۆری ڕەش/سپی، ڕەگەزەکانی لەنێوان خۆیاندا لە پەیوەندیی دژایەتیدان، هەریەکێکیان دەتوانێت خۆی بداتە پاڵ ڕەگەزێکی نوێ کە پێچەوانەیەتی. ڕەگەزە ناکۆک/ پێچەوانەکانیش لای خۆیانەوە دەتوانن بچنە ناو پەیوەندییەکی پێویستبوونی

ئاڵوگۆڕەوە، بەرامبەر ڕەگەزە پێچەوانەکەی بەرامبەرەوە". (غریماس، ٢٠١٨، ١١٢)




ئەگەر تێبینی چوارگۆشەی نیشانەیی بکەین، چوار دانەی بەرامبەرن، کە بوونی هەر یەکێکیان ڕەتکەرەوەی ئەوانیترە و ئاماژەشی بۆ دەکات، بۆ نموونە زیندوویێتی، مردوویێتی ڕەتدەکاتەوە و ئاماژەشی بۆ دەکات، ئەم پەیوەندییە لە ئەدەبدا شێواز، ئاست و پلەی جیاواز وەردەگرێت، زیندووی مردوو، مردووی زیندوومان هەیە، لە ڕۆمانی بەندەر فەیلیدا "بەندی ئازاد و ئازادی بەند"مان هەیە. هاوکات دژ/بەرامبەری چەندین جۆری هەیە.(ناوخۆش و خۆشناو، ٢٠٠٩، ٢١٤). لەبەرئەوە پەیوەندییە بەرامبەرییەکان واتا و بەها بە یەکدی دەبەخشن، ئەمەش هەوڵی گریماسە کە دەیویست لەسەر ئاستی ڕێکخستنیش واتا و گوتار بدۆزێتەوە، چونکە چوارگۆشەکە بەپێی دەقە جیاوازەکان کەلتوور، ڕۆشنبیری و جیهانبینی جیاواز دەردەخات، کە دەکرێ بەریەککەوتن و ناکۆکی لەنێوانیاندا بێتە ئاراوە. لە خوارەوە باسی ئەم سێ جۆر پەیوەندییە دەکەین کە لە چوارگۆشەکەدا بەرجەستە دەبێت:

**٢ـ دژ و بەرامبەری Contrast**

بەرامبەر وەستانەوەی دوو زاراوەیە کە لە یەک پێکهاتەدا پێکەوە کۆنابنەوە و دەکرێت هەردووکیان ڕەتبکەینەوە، بۆ نموونە ڕەش و سپی، ناکرێت

دەرگایەک ڕەش و سپیش بێت، بەڵام دەکرێت هیچیان نەبێت (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٣، ٤) لەگەڵ ئەوەشدا دژەکان هاوبەشی لەبوونیاندا هەیە؛ ڕەش و سپی لە ڕەنگدا هاوبەشن. دژ، بە هەبوویەک دەوترێ لە دەرەوە، کە لە هێزدا یەکسانە بە هەبوویەکی دیکەی بەرامبەری، ئەمە لە کاتێکدا دەوترێ کە تایبەت بێت بە هەبوویەکی هاوبەش لەگەڵ هەبوویەکی دیکەدا کە لەبابەتی دواتردا هاوبەشە، واتە ئەگەر یەکێکیان کارەکەی کرد ئەوا ئەویتر نایکات. ململانێ لە چیرۆک و ڕۆماندا بەرهەمی دژیەکییە کە دەشێ لەنێوان پاڵەوانی ڕاستەقینە و ساختە یان لەنێوان ئازادی و چەوساندنەوە بێت. دژ لە چیرۆکدا بۆ براوە گرنگ نییە، بەڵام ئەو کێشمەکێشمە بوونگەراییە ڕووندەکاتەوە کە ڕوودەدات. ئەو دووانەیە لەسەر بابەتی بەها ململانێ دەکەن، کە هەریەکە دەیەوێ بیبات بۆ خۆی، ئەگەر توانی، بۆیە ئەمانە لە کێشمەکێشدان لەسەر بردنەوە، ئالێرەدا دەشێ هێزەکانی خراپە بەسەر هێزەکانی چاکە زاڵ بێت.(بوعطیة، ٢٠١٣، ٦١) کەواتە دژەکان بەبێ یەکتری واتایان نییە و بەهۆی دژێتییەوە ناکۆکی و واتا لەدایکدەبێت، هاوکات نیشانەکان لە پەیوەندییان لەگەڵ یەک خۆیان دەردەخەن.

### ٣ـ ناکۆکی Contradictory

مەبەست کۆنەبوونەوەی دوو زاراوەی دژە بۆ شتێک، واتە ناکرێت شتێک هەبێت و نەشبێت، مردوویەک زیندوو بێت، "واتە دوو ئاوەڵناومان بۆ یەک بابەت هەبێت کە نە کۆکردنەوەیان گونجاو بێت و نە وەلانان و ڕەتکردنەوەشیان"(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٣، ٤) یاخود بریتییە لە بوونی شتێک و نەبوونی لە یەک کاتدا... یان جیاوازیی دوو ڕستەیە لە ئەرێنی و نەرێنیدا، کە جیاوازییەکە ئەوەی لێدەکەوێتەوە یەکیان ڕاست و ئەویتر درۆیە.(بوعطیة، ٢٠١٣، ٦١) گریماس دەڵێ "ناکۆکی بەو پێیەی پەیوەندییەکە لەسەر ئاستی پۆلێن کاردەکات بۆ دامەزراندنی هێڵە دووانییەکانە...[هەروەها] ناکۆکی لەسەر

ئاستی لێکدان کار دەکات بۆ نەرێکردنی یەکێک لە ڕەگەزەکانی هێڵەکە و جەختکردن لەسەر ڕەگەزی دژ لەهەمانکاتدا."(غریماس، ٢٠١٨، ١١١) لە گێڕانەوەدا کاتێک بوونی ململانێ توند دەبێ، دەگاتە قەیران، پێویستی بە شیکردنەوەی هێماکان دەبێ لەنێوان دوو ناکۆکدا، بۆیە شیکەرەوە پێویستی بە زانینی ڕۆڵی کەسایەتییەکان هەیە، ئەوانەی کە دیار نین [لە پشتەوەن] تا بە ڕوونی بیانبینێت و بیانخاتە ناو چوارگۆشەی نیشانەوە و چوارچێوەی ململانێکەش دیاری بکات، بۆ نموونە، ئەگەر ئازادی دژەکەی زیندان و بەندی بێ، ئەوا ناکۆکەکەی نا-بەندییە، بەمەش ململانێی ئازادی و بەندی دەگۆڕێ بۆ نا-بەندی، پێچەوانەکەشی بۆ بەندی ڕاستە، کە ئەمە بۆ بەندەر دروستە، ئەرستۆ پێیوایە "گۆڕان بەسەر هەبوویەکدا دێت لایەنی پێچەوانە و ناکۆکی هەبێت"(کەمال،٢٠١٥، ٧٦)، گۆڕانی دۆخی بەندەر لە نا-بەندی واتای ئازادی نییە، گۆڕانی نا-ئازادیش، مانای "بەندی" فەرهەنگی نییە، بەڵام "بەندی"یە لە ڕووی نیشانە واتاییەکانەوە.

## ٤ـ تێهەڵکێش و لەخۆگرتن Implocation

پەیوەندیی دووانەی دژ، دووانەیەکی نوێی لێدروست دەکرێت کە بە "نا"یەک لەبەردەم هەر دانەیەک، دژیەکی نوێ دێنێتە ئاراوە، بۆ نموونە ژیان و مردن، دەبێتە "نا-ژیان، نا-مردن"، هەروەها "مردن و نا-ژیان" و "ژیان و نا-مردن" لە خۆگرتن و تێهەڵکێشی پێدەگوترێت، دیارە گەشەی نێوان دژیەکەکان لە شوێنێکدا تێهەڵکێش دروست دەکات، کە ئەمەش لە گێڕانەوەدا وەک ململانێی گەشە و بەرهەمهێن چاوی لێدەکرێت، ئەگەر لە دیالێکتیکی هیگڵیشەوە سەرنجی "تێهەڵکێش" بدەین، قۆناخێکی نوێیە، بەڵام قۆناخی نوێ مانای گۆڕانی بنەڕەتی نییە،(کەمال، ٢٠١٦، ١٠٠) عێراق ڕزگار دەکرێت و بەعسییەکان لە سێدارە دەدرێن، بەڵام بەندەر ئازاد نابێت. ئاڵۆزیی ڕووداوەکان

لەناو چیرۆکدا و جیاوازی لەنێوانیاندا وادەکات کە شیکەرەوە هەوڵبدات کۆیان بکاتەوە، تا هەموویان پێکەوە واتایەکی هاوبەش لەنێوانیان هەبێ، بە ئاراستەی لە خۆگرتن.(بوعطية، ٢٠١٣، ٦١). بەم جۆرە لەناو چوار گۆشەکەدا بێلایەنی نییە لەنێوان بە گژیەکداچووەکان، بەڵکو دیاریکردنی ئاراستە هەیە، چونکە ململانێ پێویستی بە لەگەڵبوون یان دژبوون هەیە.

چوارگۆشەی واتایی پەیوەندی بە بونیادی قووڵی گوتارەوە هەیە. پرۆسەی بەرهەمهێنان، جووڵە و دۆزینەوەی واتا و چەمکەکان بە سەرنجدان لە چوارگۆشەی واتایی گریماس پەیوەستە بە دوو زاراوەی بنەڕەتی "دژیەکی" و "هاوشێوەیی"، بۆ گریماس چەمکی هاوشێوەیی (Isotopy) گرنگ و بنەڕەتییە، واتاکەشی بۆ نیشانەناسی گێڕانەوە دەگوێزێتەوە. لێکۆڵەران جیاوازی لەنێوان ئیزۆتۆپی ڕێزمانی و واتایی دەکەن، بەڵام گریماس لە ڕێگەی ئیزۆتۆپی کردەنوێنییەوە ئەم دوو لایەنە یەکدەخات و پێیوایە لە چوارگۆشەی واتاییدا کە گوتاری دەق خۆی تیا دەردەخات، دەردەکەوێت.(مکاریک، ١٣٩٠، ٤٨-٢٨٩) گوتاری دەقیش کە سەر بە بونیادی قووڵە، لەسەر یەکە واتاییە پێکهێنەرەکان وەستاوە، چونکە هاوشێوەیی جۆرێکە لە یەکخستنی پەیوەندیی ڕێزمانی و واتایی، کە لە ڕێگەی دووپاتبوونەوەی یەکە واتادارە زمانییەکانەوە(seme) بەرجەستە دەبێت.(مەنتک، ٢٠١٩، ٢٠٩). لە ڕۆمانی بەندەر فەیلیدا چەند دووانەیەکی هاوبەش و دژمان هەن، کە پرۆسەی گێڕانەوە و گوتاری دەقیان لەسەر بنەمای چەند وێنەیەکی پەیوەند بۆ دروستکردنی وێنەیەکی بنەڕەتی کە بە خوێندنەوەی ئێمە دووانەی "ئازادی" و "بەندی"یە، سازاندووە، هەر لە پەیوەندیی ئەم دووانەشەوەیە کە چەمکی گوتاری مانەوە کارا دەبێت.

## تەوەری دووەم
## لە بەندی و نا-ئازادییەوە بۆ گوتاری مانەوە

### ١-ڕۆمانی بەندەر فەیلی

ڕۆمانەکە ٤٥٣ لاپەڕەیە، لە نامەیەکی پێشەکی و ٣٩ بەشی ژمارەیی و کۆتاییەک پێکهاتووە. خوێنەر لە ڕێگەی وێنەکانی بەندەر، ئاشنای جیهانبینیی بەعس و ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری ئەو ڕژێمە و ڕووخانیشی دەبێت. ڕۆمانەکە بە نامەی پێشەکی ڕۆژنامەنووسێک کە بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی نووسیوە، دەستپێدەکات، ڕۆژنامەنووسەکە چیرۆکی بەندەری نووسیوەتەوە و بۆ ڕۆژنامەکەی دەنێرێت، هەر لەسەرەتاوە ڕۆژنامەنووسەکە خوێنەر دەخاتە بەر دووانەی "ڕاستی و چیرۆک" و دەنووسێ"لەگەڵ گێڕانەوەی ورد و هەنگاو بە هەنگاوی ژیانی بەندەر فەیلیدا، چیرۆک و ڕاستی بەجۆرێک سنوورەکانیان تێکەڵ دەبوون"(عەلی، ٢٠٢٢، ٧). لە کۆتایی نامەکەیدا کۆتایی ڕۆمانەکەمان بە ناڕاستەوخۆیی پێدەڵێ، کە دەردی بەندێتی و هەستکردن بەوەی ئازادنییە لە وڵاتدا بڵاوە و نووسینی ئەم کتێبەش، وەک چارەسەرێکی دەروونی بووە بۆی؛ لێرەشدا جگە لە دووانەی نێرەر و وەرگر، دووانەی نەخۆشی و تەندروستیش هەن، کە سەرچاوەکەیان لە دووانەی، ئازادی و بەندی پێکهاتووە و ناوەندی ئەم توێژینەوەی بۆ تەرخانکراوە.

ڕۆمانەکە بەسەرهاتی "بەندەر فەیلی"یە لە ١٩٨٠ تا ٢٠٠٣، کە لەگەڵ لە سێدارەدانی دایکی، ئەم لە زیندان لەدایکدەبێت. لەو ٣٩ بەشە، ٣٧یان بەسەرهاتی بەندەرن لەناوەوەی زیندان و ئەو چەند جارە کەمەش کە دێتە دەرەوەی زیندان، دوو بەشی ٣٧ و ٣٨ گەڕانەوەیە بۆ زانیارییەکانی پشت پەردە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارگەلەی خوێنەر لەماوەی ٣٦ بەشەکەدا بۆی دروست

بووە، ئەمەش لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی بەندەر لەگەڵ سەید شەهاب و نازم تائی، کە بەڕێوەبەری ئەو زیندانە بوون بەندەری تیا ژیاوە. لە چاوپێکەوتنەکاندا وەڵامی پرسیارەکانی، بەندەر کێیە، چۆن لەدایکبووە، باوک و دایکی کێیە، کێ سزای دەدات، کێ بڕیاری بۆ دەدات کە سەیری لەسێدارەدانەکان بکات، فێر بێت یان نا، ئەوە کێیە وێنەگر دەنێرێت، ناهێڵن بچێتە دەرەوە، دەیانەوێت لە ژووری تاکەکەسی بێت، هەروەها ئەو ململانێیانەی لەنێوان دەسەڵاتدارانی پلەدوو بۆ ڕازیکردنی دەسەڵاتدارانی پلەیەک...هتد وەردەگرین. بەشی **٣٩**ش ڕێوڕەسمی چوونی بەندەرە بۆ جێبەجێکردنی لە سێدارەدانی زیندانییەکان، ئەمەش بە بڕیاری خۆی نییە، لەبەرئەوە لەهۆش خۆی دەچێت و دەبرێتە نەخۆشخانە، نەوفەلی هاوڕێی بە گوڵێکەوە دێت بۆ لای تا هەواڵی گەڕانەوە بۆ ئەمریکا و گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەکەی د.خالق فەیلی پێ بڵێ، چونکە ئەمریکییەکان و کۆمپانیای ریکلامکەر و سوودبەری بەندەر چیتر پارەی نەخۆشخانەی بۆ نادەن؛ سەردانیکردنی شادی بۆ لای و لە هەمووشی گرنگتر تەشەنەسەندنی دەردی هەستنەکردن بە ئازادی و بەرگریکردن[بەمەبەستەوە] لەو دەردە/هەستە کۆتایی ڕۆمانەکەیە.

بەندەر فەیلی کە منداڵێکی فەیلی(+ کورد، + شیعە، + ئێرانییە، بەڵام – ئینتیما بەهەموو ئەوانە) ناوەند و بابەتی گێڕانەوەیە، لەبەرامبەردا حیزبی بەعس کە (+ عەرەب + سونە، + دەسەڵات و بەڕێوەبردن)ە، دەستی بەسەر بەندەردا گرتووە. ئەم دووانانە بێگومان لە ڕەوتی گێڕانەوەدا درێژ دەبنەوە بۆ چەندین دووانەی دیکە، بەندەر: منداڵە، +-بەندە، بێ ماڵە، بێدەسەڵاتە، نەزانە، بێ توانایە، +_تاوانبارە، شەیتانە، +-سەرچاوەی ئارامییە.... هەرچی بەعسە، مردن و ژیانی بەدەستە، سزادەرە، خاوەن ماڵ و زیندانە، تواناداره، پاکە، ڕزگارکەرە، ئازایە، خوا و یاسای لەپشتە، نەترسە، هەروەها دوژمنی هەیە، دونیا، نەتەوە و

ئاین و مەزهەبەکانی پۆلێن کردووە، ئەم تایبەتمەندی و نیشانە واتاییە جیاوازانە لە ڕەوتی گێڕانەوەدا بەر یەکدی دەکەون، بەعس خواستی دەستبەسەراگرتن و وەکخۆلێکردنی بەندەری هەیە، چونکە بەندەر موتوربەی بەعس و فەیلییە، دایکی کوردی فەیلییە، باوکیشی عەرەبی بەعسییە. لە خوارەوە بەپێی زنجیرەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە تیشکۆ و سەرنج دەخەینە سەر یەکە واتاییەکانی دووانەی بەرامبەری "ئازادی" و "بەندی" کە گوتاری ڕۆمانەکە پێکدەهێنن و تێهەڵکێشی ئەم دووانەیەش گوتاری مانەوە بەرجەستە دەکەن.

**٢ـ چوارگۆشەی واتایی لە ڕۆمانەکەدا**

**بەندەر لە زیندان**

بەندەر فەیلی لە زیندان لەدایکدەبێت و گەورە دەبێت؛ دابڕاوە لە دونیا و جیهانبینییە ئاینی، کەلتووری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان، تەنانەت لە پانتایی زمانیش. بەهۆی ئەم ژینگە تایبەتەوە پرۆسەی یەکە واتاییەکان جیاواز و ناوازەن، چونکە جیهانبینیی بەندەر کەمتر لەسەر بنەمای جیهانبینیی ئامادە شێوەی گرتووە، لەبەرئەوە ململانێی نێوان چەند گەردوونی واتایی لە ڕۆمانەکەدا شێوە دەگرێت، کە ئێمە لە دوو گەردوونی واتایی "ئازادی" و "بەندی" چڕی دەکەینەوە و بەپێی دوو ئاستیش لێیان دەدوێین، بەندەر لە زیندان و لە دەرەوەی زیندان.

دەبێت سەرەتا ئاماژە بەوە بکەم کە "ئازادی" و "بەندی" بەتەواوی بەرامبەر و دژنین، پێشمان وایە ئازادی دژێک و بەرامبەرێکی تەواو ڕەهای نییە، بەڵام پەیوەست بە ژینگەی واتایی ڕۆمانەکە و ناونیشانی ڕۆمانەکە و بابەتی سەرەکی کە خودی "بەندەر"ە، ئەوا "بەند"مان لەبەرامبەر "ئازاد" دانا. وێنەکانی ڕۆمانەکە لەسەر ململانێی بەندی و ئازادی بەندەر وەستاوە، ناوەکەشی وەک لەنگەرگرتنی ئەم دوو چەمکە و هاوکات بەندێکی ئازاددا خۆی دەبینێتەوە، کە

"بەندی ئازاد" سازە بە گوتاری قووڵی ڕۆمانەکە. بەندەر لە "بەند+دەر" پێکهاتووە، یەکیان سنوور و ئەویدیکە دەرچوونە لەو سنوورە، ململانێی ڕۆمانەکەش هەوڵە بۆ دەرچوون لەو بەندییە کە ڕۆماننووسیش[ڕۆژنامەنووسی ناو ڕۆمانەکە] نووسینی ڕۆمانەکە بە بەهانەی دەرچوون لە بەندی دەزانێت.

لەدایکبوونی بەندەر لە زیندان و هێشتنەوەی، ناکۆکییەکی گەورە لەنێوان "بەندی و ئازادی" دروست دەکات، چونکە بۆ ئەم مناڵە زیندان دەبێتە ماڵ، ماڵێکی نا-ماڵ. ماڵی بەندەر هاوشێوەی کوردبوون و فەیلیبوونە لە چاوی ئەویترەوە، لە ماڵێکی بێگانە و دژدا دەژی، ئەویش ماڵی عەرەب، بەعسی، سونەیە، واتە نەک لە ماڵ هەڵکەنراوە، بەڵکو شێوەی ژیان و تێگەیشتن و جیهانبینیشی نامۆ و بێگانەیە. بەندەر بەهۆی مناڵێتییەوە، بەرامبەرەکەشی دۆخێکی جیاواز وەردەگرێت، واتە دژە فەیلییەکان، ئێستا بەرامبەر بە مناڵێکی بێچارەن، کە لەنێوان ڕق لە فەیلی، کورد و شیعەکان، سۆزیان بۆ ئەم مناڵە هەیە، ئەمەش ناکۆکی دەخاتە ناو گوتاری بەرامبەر کە دژیەکی لە هەڵسوکەوتیان ڕەنگدەداتەوە، چونکە بەندەر تاکە فەیلییە کە ماوە یان هێشتوویانەتەوە، هێشتنەوەشی بۆ دروستکردنی خۆیەکی[بەعسی] هاوشێوەیە. هۆی ئەم ناکۆکییە لەلای بەڕێوەبەران و جەللادانی زیندان ئەوەیە کە بەندەر دوورە لەو نەفرەتە پێشینانەی کە هەڵگریەتی، واتە هەڵنەگر و هەڵگرە، فەیلییە و فەیلیش نییە، کوردە و کوردیش نییە، شیعەیە و شیعەش نییە، ئەمە بۆ بەرامبەرە بەعسی و سونییەکانیش دروستە، بەڵام لە ئاستی باڵادا[سەرۆک و بنەماڵەکەی]، وێنەی بەندەر لە وێناکردنە نەفرەتلێکراوەکەوە سەرچاوە دەگرێت، هەرچی بۆ بەڕێوەبەرانی زیندانە وێنەی خودی بەندەر و وێناکردنەکەی کار دەکات.

بەندەر +فەیلییە، دەبێت بەڕێوەبەران ڕقیان لێی بێت، بەڵام خۆشیان دەوێت، ئەم هەڵسوکەوتە لە شێوەی ژیانی مناڵی بەندەریشدا ڕەنگیداوەتەوە،

"سالآنی یەکەمی ژیانی بەندەر فەیلی، سالآنێکی ناخۆش نەبوون، منداڵەکە نەیدەزانی لەشوێنێکی ناجۆر و ناوازەدا هاتۆتە دونیاوە...هەمووان کەم و زۆر هێمن لەگەڵیدا ڕەفتاریاندەکرد...بوونی منداڵەکە شتێک لە دڵخۆشی بۆ هەمووان هێنابوو، هەتا پاسەوانێکی دڵڕەقی وەک عەریف ماهیر دانی بەوەدا دەنا، بینینی منداڵەکە هێوری دەکاتەوە"(هەمان، ١٨) هەروەها ناکۆکییەکی قووڵ لەناو سەید دروست دەکات، کە بەندەر وەک منالّی خۆی و ئەویش وەک باوک سەیری دەکات، سەید لەنێوان خوا و دەوڵەت، فەیلی نەفرەتلێکراو و ئەم منالّە بێگوناهە گیر دەخوات؛ سەید حوکمکەرە، بەڵام لەلایەن دەوڵەت، خوا و ویژدانییەوە حوکمکراوە، "خودایە گیان، ئەمانە بەپێی شەرعی تۆ خوێنیان حەڵاڵە، بەڵام ئەم منداڵە، ئەم هیچ نەفامە بارێکی قورسە بەسەر شانمەوە، دەترسم لەو دونیا لەسەر ئەم منداڵە نەمبەخشیت...سەید باوەڕی بە خۆی هێنابوو کە فەیلییەکان توخم و تایەفەیەکی چەپەڵن، بەڵام نەیدەتوانی وا ڕەفتار لەگەڵ ئەم منداڵە بکات" (هەمان، ٦١)


بەندەر لە دیدی بەعس و بەڕێوەبەرانی زیندانەوە، نە تاوانبارە و نە بێ تاوان، نە دیلە و نە ئازاد. هەوڵیان بۆ ئەوەیە بیکەن بە بەشێک لە خۆیان، دژیەکی نێوان "خۆبوون" و "ئەوانبوون" تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەڕوات، لە کۆتاییدا خۆبوون بەسەر ئەوانبووندا سەردەکەوێت. لە چەندین قۆناخی جیاوازدا هەمان ویست لای ئەوان دووپاتدەکرێتەوە؛ بەندەر مەترسی نییە ئەگەر خۆی نەبێت، خۆبوون لای ئەوان بریتییە لە فەیلیبوون و کوردبوون، "نەسەر بە ئێمەیە و نە سەر بە تاوانبارانیشە...ڕۆژێک دێت دەبێت بڕیاربدات یان بێتە ڕیزی فەرمانبەرەکانی منەوە یان بچێتە ڕیزی دیلەکان"(هەمان،٥٥)، پاش شۆڕش و دامەزراندنی زیندانییەکی نوێ بۆ لە سێدارەدانی سیاسییەکان، بەڕێوەبەر لەبارەی بەندەر بە کارمەندە نوێکانی دەڵێ "بۆی نییە بچێتە دەرێ و

مەحکومە لێرەدا بژی. بەندەر نە دیلە نە ئازادە، نە بەشێکە لە ئیدارەی زیندان و نە بەشێکیشە لە مەحکومکراوەکان، هۆکەشیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی بەندەر دواهەمین کوردی فەیلییە لە وڵاتەکەدا و هیچ کەسوکارێکی نییە و یاساش ڕێگای نادات ئازاد بێت، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە دیل نییە و تاوانێکی لەسەر نییە"(هەمان، ٢٢٨)، لێرەدا چەند دووانەی بەرامبەر هەن،"ئێمە/ تاوانباران، ئازاد/ دیل، دەرەوە/ ناوەوە، /لێرە/ لەوێ/، نەدیلە/ نەئازادە/، تاواندار/ بێتاوان..ئەمانە گورزەیەک بەرامبەری واتایین، لە دوو وەرگیراوی بچووک، کە ئەگەر ڕۆمانەکە ئاوا شیکاری بکەین و لەسەریان بوەستین، ئەوا لە قەبارەی توێژینەوەیەکی سنووردااردا نییە.

وێنەی بەندەر و یەکە واتاییەکانی کە پێکهێنەری پەیوەندیگەلێکی واتایین و لە چوارگۆشەی نیشانەییدا تا ئاستی ناولێنەنراو دەڕوات، چونکە چەندین لایەنی دەستنیشان نەکراوی تێدایە، کاتێک دەتەوێت شوناسێک بە "بەندەر" بدەیت هەڵدێ. بەندەر لە چاوی ئەوانەوە ئاڵۆزە و بوونی خۆیانی تێدا دەبیننەوە، هاوکات نەفرەتیش لەو بەندەرە دەکەن کە کوردە، فەیلییە، شیعەیە و لەوان ناچێت؛ جیاوازبوون بۆ سیستمی بەعس کوشندەیە، بەڕێوەبەر دەڵێ "دەمەوێت...لە خۆمان بچێت"(هەمان،٥٤). بەڵام پەیوەندییە جیاوازەکانی بەندەر، هاوکات دابەشبوونی بڕیاربەدەستانی سەرەوەش، بۆ ئەملا و ئەولا، کە مەبەست باوکی بەندەر و ژنەکەیەتی، هاوکات شۆڕش و لەناوچوونی زیندانییەکە بۆ ماوەیەک، لە کۆتاییشدا هاتنی ئەمریکییەکان بۆ ڕزگارکردنی عێراق، هەروەها عاشقبوونی، وا دەکات بەندەر ببێت بە شتێکی دی.

پەیوەندییەکانی بەندەر بە کارمەندانی زیندان، مەحکومکراوەکان و وانەکانی فێریان دەکرد، بە وێنەی سەرۆک، تارمایی کەسێک لە ژووری بەڕێوەبەر[دواتر دەردەکەوێ باوکی بووە] دەنگی دەرگای ژووری زیندان،

وێنەکانی تیڤی، دانیشتنی لە ژووری سێدارە و بینینی لەسێدارەدان و قسەکردن لەگەڵیان، وانەکانی مامۆستا فوئاد، وردبوونەوە لە هەستەکانی "ترس، دڵەخورپە، وشکبوونی زمان/داخرانی زمان، ڕەنگپەڕین...هتد" هاوکات پرسیارە گرنگەکانی کە چۆن مرۆڤە چاک و خراپەکان لە یەکدی جیابکاتەوە، چاکەکان هەمووکات چاکن؟ خراپەکانیش لە هەموو کات و شوێنێکدا خراپن؟ چۆن خەڵک بناسێت؟ چۆن بڕیار بدات، خوا کێیە، مرۆڤ گەر خێزان، ماڵ و شاری نەبێت واتای چییە، دەرەوە کوێیە، مرۆڤ دەکرێ لە دەرەوەی زیندان بمرێ؟ ئەمانە بەشێک لە وێنەکانی بەندەر و ژینگە هزرییەکەین کە ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی هەیە، هاوکات بەندەریش کاریگەری لەسەر ئەوان هەیە، بێگومان کاریگەرییەکە لەئاستی مناڵبوونەکەی کە سەرچاوەی ئارامییە بۆیان، هاوکات ئازایەتی و بڕیاردان لەوانیتردا دروست دەکات، مامۆستا فوئاد و نەوفەل بە نموونە. لەبەرئەوە بەندەر بە گشتی لەنێواندایە، نە دەگری نە پێدەکەنێ، نە یاخییە، نە دەستەمۆ، نە بەند، نە ئازاد، نە کورد نە عەرەب، نە شیعە، نە سونەیە.




چاوەڕوانییەکانی ئەوان لە بەندەر چەند لایەنن، لەلایەن حوکمکراوەکان بەندەر ئازاد بێت[مامۆستا فوئاد بە نموونە]، لەلایەن سەرۆک و بەڕێوەبەران کە ببێتە بەشێک لەوان، لەلایەن ئەمریکییەکان و کۆمپانیاکە نمایشی ئازادی بکات، لەلایەن عێراقییەکان تۆڵەسێن بێت، هاوکات بەندەر لەو نێوانەدا هیچیان

نابێت. دیارە "لەنێواندابوون" لێوانلێوە لە یەکەی واتایی، کە منالێکی نەزان بێ یان فێربێت، لێرە بێت یان لە دەرەوە، لەبەرئەوە بەندەر وەک چالاکێکی ناچالاک، دیارێکی نادیار وایە، لەبەرچاوی هەمووانە و خۆشی وەک کەسایەتی دیار نییە، جووڵەی خستۆتە ناو زیندان و خۆشی بێجووڵەیە. جگەلەوەش بەڕێوەبەری زیندان دەخاتە ناو ململانێی جیهانبینی خۆیەوە، کە پێیوایە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بکوژە، دەبێت بەندەریش ببێت بە جەللاد، ئەمە وەک گرەوێکی هزرییە کە لەسەر بەندەر تاقی دەکاتەوە "شتێکی سەیر دەبێت ئەگەر ئەم منداڵە لێرەدا نەبێت بە جەللاد...مرۆڤ بە فیترەت حەزی لە کوشتنە...ئیتر کەمتر لە جاران سۆزی بدەرێ [سەید]، سوێند دەخۆم عاتیفەی زۆر خووی مرۆڤ دەشێوێنێت...دەمەوێ لەگەڵ پیاکوژەکان تێکەڵ بێت، دەمەوێ سروشتی دڕی ئینسانەکان ببینێت"(هەمان،٢٢٥) یان دەڵێ"بەندەر مەحکومە بەوەی ببێت بە جەللاد" (هەمان،٥٣) هاوکات کاتێک بەندەر ئارەزووی ئەوە دەکات بەڕێوەبەر بمرێت، ڕزگاری دەکات، بەڕێوەبەر لێی تووڕە دەبێت کە ڕزگاری کردووە و بەزەیی هەیە "بەزەیی خراپترین شتی دونیایە"(هەمان،٢٢١)، لە کاتێکدا بەندەر نە بەزەیی هەیە، نە بێ بەزەییە، نە ڕزگارکەرە، نە سزادەر، نە بڕیاردەرە، نە بێ بڕیار، نەخۆشکەوتنی بەندەر نیشانەی "لەنێواندابوونە"، کە لەنێوان کردە و بێ کردەدایە، دەنگ و بێدەنگیدایە، نەخۆشییەکەی زەمین لەرزەیەکی واتاییە لە دەقەکەدا. لەبەرئەوە بەندەر لەم قۆناخەدا سەر بە دووانەی بەرامبەر و ناکۆکییە، دژەکان لە دەرەوەی خۆین و ناکۆکییەکەش لە شێوەی ژیانیدایە.

**٣ـ بەندەر لە دەرەوەی زیندان**

**ئازادی نا-ئازاد**

پاش ئەوەی کوێت ڕزگار دەکرێت، جەنگ ڕوودەدات و ئەمریکییەکان

هێرش دەکەنە سەر بەغداد و زیندانەکە بۆمباران دەکەن، بەندەر بۆ ماوەیەکی کاتی لە زیندان دێتە دەرەوە، بەڵام چەند شەوێک بە تەنیا لە زیندان دەمێنێتەوە، چونکە جگە لەوێ ماڵێکی نییە، لە کۆتاییدا لەتاو برسێتی دەچێتە دەرەوە. ئەمە یەکەم "ئەزموونی کاتی" هاتنە دەرەوەیەتی لە زیندان. لەم ئەزموونەدا سوود لە وانەکانی مامۆستا فوئاد لەبارەی دەرەوە وەردەگرێت. لێرەوە کۆمەڵێک وێنەی جۆراوجۆری بەندەر لە دەرەوەی زیندان دەبینین، کە یەکەمجارە بەریان دەکەوێت، بۆیە دەرەوە بارێکی سەنگینە بۆی"ئەو بەرینییە بێپایانەی جیهان، ئەو جۆرە ڕەنگە وەسفنەکراوانە، ئەو دوورییە بێئەندازەیە لە ڕابوردوو ترساندی. ویستی بە ڕاکردن بگەڕێتەوە زیندان"(هەمان، ١٦٢) لە سەرەتاوە، هەست بە ترس و تەنیایی دەکات، چونکە مرۆڤی ئاشنای لە دەور نەماوە، ئاشناکان با جەللادیش بن، بیری زیندان و دۆخی ئاسایی ئەوێ دەکات(هەمان، ١٦٨)، هاوکات یەکەمجارە مردنی جیاواز لە سێدارەدان دەبینێت،"بەندەر تا ئەوکاتە هیچ مردوویەکی نەدیبوو بناڵێنێت، مردن بە شتێکی کتوپڕ و خێرا تێگەیشتبوو" (هەمان، ١٤٧)، یەکەمجارە گوێی لە دەنگی سەگ دەبێت و لە ڕۆژدا ئاسمانی ڕووناک دەبینێت"ئاسمانێکی ڕووناک و بەرز و ڕۆشنی بینی، ئەوە یەکەمین بەیانی بوو لە ژیانیدا لە دەرەوەی زیندانەکە چاوبکاتەوە...چاوانی پڕبوون لە سەرسامی، وەک قیامەت هەستابێت و ئەم خۆی لە دونیایەکی تردا بینیبێتەوە وابوو"(هەمان، ١٥٠) بەندەر بۆ یەکەمجار کەسێک ڕزگار دەکات، کە ئەویش خودی بەڕێوەبەرە. ڕقی لە وشەی "مردن" دێتەوە و شانازی بە ڕزگارکردنەوە دەکات، ئەمەش هاتنەدی ئاواتەکەیەتی"زۆرجار لە ساڵۆنی لە سێدارەکەدا ئەو ئاواتەی لە خۆیدا هەستپێکردبوو، یەکێک لە مەحکومکراوەکان ڕزگاربکات"(هەمان، ١٥٢). یەکەمجارە پارە بە دەستییەوە دەگرێت، لێرەوە کۆمەڵێک هەست و تێگەیشتنی نوێ بۆ بەندەر دروست دەبێت، کە پێشتر لە

زیندان تیا نەژیاوە؛ کار دەکات، مەلای مزگەوتەکە سواڵی پێدەکات، نەوفەل دەناسێت و پرسیارگەلی زۆری لا دروست دەبێت.

بەندەر لە دەرەوەش دەگیرێت و دەڵێ، بۆ ئەوە گرتوویانم تا بزانن "من کێم" (هەمان، ١٨٣)، لەدەرەوە فێری دەکەن، کە پێویستە درۆ بکات، نەوفەل ڕزگاری دەکات و کاری بۆ دەدۆزێتەوە، دواتریش جێیدەهێڵێت و دەچێت بۆ شۆڕش. بەندەر سەید دەبینێتەوە و توند باوەشی پیادەکات و دەچێتەوە زیندان و بەڕێوەبەر پێی دەڵێ، چەند مانگ ئازاد ژیای،[دیارە تەمەنی دە ساڵ بوو لە زیندان هاتە دەرێ، ئێستا یانزە ساڵە]، ئازادی هیچی فێرکردی؟ بەڕێوەبەر پێی دەڵێ"باشترین جۆری ژیان ئەوەیە، مرۆڤ لە جێگای خۆی بمێنێتەوە...پێم بڵێ ئەگەر ئێستا دەرگاکەت بۆ بخەمە سەر پشت و پێت بڵێم دەتوانیت بڕۆیت، دەڕۆیت؟" (هەمان، ٢١٨) بەندەر دەڵێ"نا". بەڕێوەبەر دەڵێ، مرۆڤ لە زیندان بێت و بەرچاوی ڕوون بێت باشترە ئازادبێت و نەزانێت چی بەسەر دێت. ئەم جیهانبینییەی دیکتاتۆرەکان و پەروەردەی بەندەر بەجۆرێک کاریگەری لەسەر جیهانبینی دەبێت، کە لە ئازادیشدا هەست ناکات ئازادە، ئەم وێنەیەش کە شا وێنەیە، دەبێتە نەخۆشی بەشێکی زۆر لە عێراقییەکان، کە بەندەر بڵاوی دەکاتەوە. بەڕێوەبەر دەرچوونی بەندەر لە زیندان وەک کۆتاییهاتنی دەوڵەتی عێراق دەبینێت، چونکە نەیانتوانیوە دەستەمۆی بکەن و بیکەنە بەشێک لە خۆیان(هەمان، ٢١٩) بەڕێوەبەر دەڵێ، من دەزانم تۆ لە دەرەوە دەترسیت، لەبەرئەوە دڵنیابووم دەتدۆزمەوە. کار لەسەر ئەوە دەکات، ئەو ترسە لە بەندەردا نەهێڵێت و جەللادێکی تیا بچێنێت "ئەم جێگایەی ئێمە شوێنی بەزەیی تیا نابێتەوە...[سەید]ئەم منداڵە بە سروشت ترسنۆکە"(هەمان، ٢٢٣) بەڕێوەبەر لە بەندەردا بۆ دڕندەیەک دەگەڕێ و ئەمەش بە سروشتی مرۆڤ دەزانێت، بۆیە دەڵێ، وڵاتە ئەوروپی و ئەمریکییەکانیش کە لای خۆی خاوەنی شارستانیەتن،

وەک ئێمە بکوژن، بۆیە ناکرێ مرۆڤ بکوژ نەبێت، بەڵام بەندەر دەپرسێ، بۆ دەبێ ببم بە بکوژ؟(هەمان، ٢٤٤). لێرەدا تێبینی چەندین دووانەی دژی وەک، ئازاد و بەند، ڕاکردن و مانەوە، زیندان و بێ جێی، بەزەیی و بێبەزەیی، ترس و بوێری، بوون بە بکوژ و بۆچی بکوژبم، درۆ و ڕاستگۆیی... دەکەین، بەندەر لەناو ئەم دووانانەشدا، لە زۆربەیان لەنێواندایە، درۆدەکات و درۆزن نییە، بکوژ نییە و بکوژیشە، نە دەمێنێتەوە و نە ڕادەکات، ترسنۆک و بوێریش نییە.

هاوکات محێسن لە چاوی بێگوناهی بەندەر دەترسێ، چونکە کوردی تیا دەبینێتەوە، کە ترس لە چاوی کورداندایە. بەندەر بە بینینی دونیای دەرەوە و گەورەبوونی، هەست و سۆزی جیاوازی تیا سەوز دەبێت، بەجۆرێک سزای بەندەر [ئێستا] بریتییە لە بینینی لە سێدارەدانی مەحکومکراوەکان، بۆیە بەندەر بەخۆی دەڵێ"ئێرەش هەر زیندانە کۆنەکەیە، مەترسە بەندەر مەترسە...پێش ئەوەی بڕوات تەماشای خنکاندنەکان بکات، تووشی دۆخێک دەهات هەوای بە سەختی وەردەگرت و تووشی هەناسەتەنگی دەبوو...ئاواتی بوو بیبەخشن و ئیدی نەچێتە سالۆنی سێدارەکە"(هەمان، ٢٣٧)، پێشتر بەندەر هەستی نەدەکرد ئەوە سزایە، یاخود ئەوێ زیندانە و فەرمانی پێدەکرێت، بەڵام پاش بینینی دەرەوە و گەورەبوونی ئەم هەستانەی بۆ دروستبووە، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی ڕووبەڕووبوونەوە و یاخیبوون، هاوکات وەرگرتنی چارەسەری ژماردنی درەخت و شتەکان بۆ ئەوەی هۆشی لای خۆی نەمێنێت، چیتر بیر لە مردووەکان نەکاتەوە و خەوی لێبکەوێت، کە ئەمەش شادی فێری کردبوو"شادی ئەگەر فێرببم درەختەکان بژمێرم، دەتوانم خەونی ناخۆش نەبینم؟"، ئەمانە سەرچاوەی شێوەگرتنی هەستەکانی بەندەرن. توندبوونەوەی ئەم هەستەی بەندەر کاریگەری لەسەر چواردەور و جەللادەکانیش هەیە، بۆیە گشتیان لە نیگای ڕادەکەن، "لە مەلاکەوە تا پزیشکەکان، لە جەللادەکانەوە تا ئەوانەی

جەستەکانیان دەخستە کیسەوە، هەموو بە بینینی منداڵەکە و سەیرکردنی چاوانی تووشی دڵەڕاوکە و پەشیمانی و پەشۆکان دەبوون"(هەمان، ٢٣٨). ئەم هەستە بۆ ئاستی "میتاهەست" دەڕوات "یەکێک لە جەللادەکان شەوێک بە گریانەوە چووە بیرۆی بەڕێوەبەر و پێی گوت...دڵنیام مردووەکان دەگەڕێنەوە و لە ڕێگای چاوی ئەم منداڵەوە سەیرمدەکەنەوە"(هەمان،٢٤٠)، بەندەر کە بابەتی خودی بەعسە، نیگا و چاوی دەبێتە کۆنترۆڵکەر، لە بابەتێتی دەکەوێت و دەبێتە خود، ئەمەش کۆمەڵێک یەکەی نیشانەیی چالاکە، محێسن وەک بینینی چاوی کورد دەیخوێنێتەوە، یان نیگای بیرخەرەوە و ئازاردەر و ویژدان جووڵێنە، گریماس لە کتێبی "کەمی/نوقسانی مانا"دا دەڵێ، هەستەکان پلەیان هەیە و بیرخەرەوەن و دێنە مێژووەوە، چاوی بەندەریش لێرەدا فەنتازیایەکی جوانی لێ وەبەرهاتووە، کە بۆ ئەویتر بیرخەرەوە و نیگەرانکەرە، ئەمە قووڵییەکی بە گێڕانەوەکە بەخشیوە، قووڵیش دۆست و دڵسۆزی واتایە.(گرمس، ١٣٨٩، ٥٨).


ئەم قۆناخەش، کە بەندەر ئەزموونی دەرەوە دەکات و دێتەوە ناو زیندان، ترس و نەخۆشکەوتنی لە بینینی مەحکومکراوەکان دەبێتە پانتایی واتاسازی دەقەکە، کە چەندین نیشانەی جیاواز و هەستیار، دووانەی بەرامبەر و دژ، دروست دەکات، چونکە خواستە بنەڕەتیەکەی ئەوان لەگەڵ ئەم گۆڕانەی بەندەر ناسازە؛ سیستمەکە هەمان خواستی پێشتری هەیە، بەڵام بەندەر ئێستا منداڵێکی یەکدووساڵە نییە و پێگەیشتووە[هەرزەکارە]، هەستەکانی شێوەیان گرتووە، سێکسی کردووە، عاشق بووە، سۆزی جووڵاوە، "زیاتر ئارەزووی بە مامۆستا ژنەکان دێت"(عەلی، ٢٠٢٢، ٢٥٦) و فێری وانە و زمانی جیاواز بووە، هاوڕێی هەیە[شادی و لوئەی]، لەبەرئەوە دیمەنەکانی لە سێدارەدان بریندارکەر و وروژێنەرن، هەستدەکات بەڕاستی زیندانییە و دەبێت جووڵە بکات، هەر ئەمەش پەڕوباڵی یاخیبوونی پێدەدات، کە عاشقی نەدا دەبێت، لە زیندان

هەڵدێت، سەرچاوەی ئەمەش پەیوەستە بە بینینی لە سێدارەدانی هاوڕێ و هاوتەمەنەکەی کە لوئەی[شێتە]، بە بینینی ئەم دیمەنە، نەخۆش دەکەوێت. دیمەنسازی لە سێدارەدانەکە بەجۆرێک چنراوە کە نیشانەی واتایی قووڵی سۆزی بەرهەمهێناوە، کە خوێنەر ناتوانێت هاوسۆز نەبێت، ئەمەش کردەی جوانیناسی واتایی دەقەکەیە(گرمس، ١٣٨٩، ٧٥) هاوڕێ ناتەواوەکەی نازانێت لە ژووری لە سێدارەدانە، لەوێ بەندەر دەبینێت و سەیری دەکات، نیگەرانی بەرۆخسارییەوەیەتی، پێی دەڵێ بەندەر ناڕەحەت مەبە سبەی فێری بەرگری فەرەنسیت دەکەم"بەرلەوەی ڕستەکەی تەواو بکات، لەناکاو تەختەی ژێر پێی کرایەوە...کاتێک لوئەی ڕۆحی دەرچوو هێشتا بە خەندەیەکەوە سەیری بەندەری دەکرد"(عەلی، ٢٠٢٢، ٢٦٤) ئەم خەندەیە نەک گریان بەڵکو بەندەر نەخۆشدەخات، نەخۆشییەکەش لەناو زیندان بڵاودەبێتەوە، کە دووانەیەکی نوێ دێتە ئاراوە، بەڕێوەبەر پاش لە سێدارەدانی لوئەی و تێکچوونی دۆخی بەندەر، دەڵێ، "من دڕندە نیم، من خۆم پڕم لە بەزەیی، بەڵام بەزەییم بە وڵاتەکەمدا...بە سەرۆکەکەمدا...بە حیزبەکەمدا دێتەوە کە ئەم هەموو دوژمنە گەمارۆیانداوە. تۆش دەبێت بەزەییت بە وڵاتەکەت و سەرۆکەکەتدا بێتەوە نەوەک بە تاوانباراندا"(هەمان، ٢٦٣).

لێرەدا پەیوەندیی بەزەیی و بێبەزەیی، دوژمن و دۆست، تاوانبار و بێ تاوان بەرامبەرن، هاوکات واتای وێنەکەمان زیاتر بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، بەهۆی جیهانبینیی جیاوازی بەڕێوەبەر و بەندەر. بەندەر بۆ مامۆستاکەی باسی هەستە جیاوازەکانی خۆی بۆ کەسەکان دەکات و دەڵێ"مامۆستا من دەزانم خۆشەویستی چییە...ڕۆژانێک سەید شەهاب چوو بۆ جەنگ، من ماوەیەکی زۆر غەمگین بووم، ڕۆژێک نەوفەلیش بەجێیهێشتم زۆر گریام، مردنی لوئەیش نەخۆشی خستم"(هەمان، ٢٨٧) لێرەدا وانەی خۆشەویستی بە بەندەر

دەگوترێتەوە و لەوێش وانەی ڕق و تۆڵە، بەزەیی بۆ دەوڵەت، نەک بۆ مرۆڤەکان. هاوکات بەندەر لەو هەموو وانانە دونیایەک زانیاری وەردەگرێت، کە شادی پێیدەڵێ، دەتوانیت ببیت بە مۆزەخانەیەکی گەورە لە بیرەوەرییەکان، "دەبینیت چ ژیانێکی پڕ ژیاویت، چەند زیاتر لەو کەسانە ژیاویت ئازادن و کەچی هیچیان نەبینیوە"(هەمان، ٢٨٢)، بەندەر لە زینداندا ئەزموونی جیاوازی بینی[بینین نەک کردن بەکاردەهێنین، ئەمەش نیشانەی نا-ئازادی بەندەرە]، ژیانی جیاواز ژیا. بەهۆی ئەم جیاوازی و نەهامەتی و سزا توندانەوە، کە بەبێ سزای جەستە، ڕۆحی ئازار دەدەن، ئازاردانیش لای ئەوان بۆ پەروەردەکردنی بەندەرە، تا بەزەیی تیا بکوژن. سزاکانیان بوون و کەسێتی بەندەر شێوە پێدەدەن، چونکە لێرەوە دەزانێت تۆڵە و ڕق، توندوتیژی و دڕندەیی ئەم وڵاتە دەبات بەڕێوە، لەبەرئەوە ئازادی واتایەکی نییە، ڕۆح و سۆزی بەندەر بەرگەی ئەو هەموو سزایە ناگرێت کە لەبەرچاوی خۆی یەک یەک مامۆستاکانی لەسێدارە دەدەن، ئەمیش وەک بینەرێک تەماشایان دەکات، بەندەر مەحکومکراوە بە بینین و ئازاد نییە نەبینێت، ئەمەش گەورەترین سزایە، بەڕێوەبەر بەزۆر چاوی پێدەکاتەوە، دەیهێنێت بۆ ژووری لەسێدارەدان، هەربۆیە تەکنیکی ژماردن کەمێک هاوکاری دەبێت، کە نیشانەی بێدەسەڵاتی بەندەر و دەستەڵاتی ئەوانە. لەناو ئەم بێدەسەڵاتییەدا بەندەر دەسەڵاتێکی دیکە وەردەگرێت، کە هەر لەژێر حوکمی ئەواندایە، ئەویش بەهۆی خەتخۆشییەکەیەوە کە بووە بە مەکینەی بەڕێوەبەر، دەتوانێت ژیانی نەدا درێژبکاتەوە، چونکە ئەویش خەتخۆشە "ژیانی کیژەکە بە بڕیاری بەندەرەوە بەندبوو"(هەمان، ٣٠٥)، ئەمەش پارادۆکسێکە کە بەندەر ژیانی لەدەستی خۆیدا نییە، بەڵام ژیانی نەدا دەکەوێتە ژێر دەستی. ئەم قۆناخەی ژیانی بەندەر دەکەوێتە ناو ناکۆکی دژ و ئاوێتەبوونەوە، لە دەرەوە سۆزی بۆ ناو زیندان، لە زیندانیش هەستی بەندی تیا

سەوز دەبێت و نەخۆش دەکەوێت، سەرچاوەی ئەمەش ئازاری سزای بینینی لە سێدارەدانی هاوڕێکانی و دەرککردنیەتی بە سیستمەکە، لەبەرئەوە یاخی دەبێت، ئەمەش قۆناخێکی ئاوێتەیە لە ناکۆک و دژ و لەخۆگرتن.




وەک دەبینین، بەندەر لە دەرەوەی زیندانە، بەڵام ئازاد نییە، واتە ئازادێکی نا-ئازاد و نا-ئازادێکی نا-بەندە، سەرەنجام لە دەرەوەش نا-بەندێکی بەندە، ئەمەش ناکۆکییەکی ئاوێتە و بێلایەنە.

**٤ـ بەندی تەواوەتی**

پاش ئەوەی بەندەر عاشقی نەدا دەبێت، ئازایەتی و جووڵەی تیا دەرِسکێت، پاش هەڵهاتنی و گرتنی دەڵێ"لەبەر خۆشەویستی هەڵهاتم، خۆشەویستی ئازاری دەدام"(هەمان،٣٥٣)، بەندەر بە جۆرێک عاشق دەبێت کە بۆنی مەرگی لێدێت(هەمان،٣١١)، عەشق و یاخیبوون، هەڵهاتن، گرتن و سزا نیشانەی زەقی ژیانی ئەو دەمی بەندەرن "ئەگەر هەوڵێکی دیکەی ڕاکردن بدەیت دوورنییە فەرمانی مردنت بۆ دەربکەن، دەیانەوێت تەواو لەبیر دونیا بچیتەوە"(هەمان،٣٥٣)، پاش ئەوەی بەندەر لە عەشق شکست دەهێنێت و دەزانێت کە هەستەکانی هەڵەبوون و دەیگرنەوە، ئەمانە وا دەکەن، بەندەر ئاوات بە مردن بخوازێت، داوا دەکات، بیکوژن"جەنابی بەڕێوەبەر یارمەتی تۆم دەوێت، دەمەوێت بمرم"(هەمان،٣٥٤)، ئەوانیتر دەیانەوێت بەندەر بمێنێتەوە تا

ئازاری زۆرتر بچێژێت و تا مردن بەندێکیان هەبێت، ئەمەش سەرچاوەی گوتاری مانەوەیە، کە گوتارێکە جەخت لەسەر زۆر مانەوە و نەک چۆنێتی مانەوە دەکات. بەندەر لەم قۆناخەدا بیر لە چارەنووسی دەکاتەوە، نادیاری و ناڕۆشنی ئاینده و شکستی عەشق و هەڵهاتنەکەی "ئارەزووی مردن"ی تیا سەوز دەکەن، ئەم ئارەزووەش بەشێکی پەیوەستە بە سزای دابڕانی و خستنە ژووری تاکەکەسییەوە، کە بۆ یەکەمجار وەک زیندانی تەواو هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش بۆ بەڕێوەبەر، سەید، شادی و فەرمانبەرانی زیندان ئازاردەرە، چونکە بەندەر تا ئەو دەم زیندانی تەواو نەبوو. لایەنێکی دیکە بۆ دۆخی دەروونی و تێکشکانی هەستەکانی دەگەڕێتەوە. لەو سزایەدا بەندەر ٧ ساڵ لە ژوورێکدا دەمێنێتەوە، ئەو ماوەیە یادەوەری دەسڕێتەوە، بوونی دەشێوێت، بەرەو شێتبوون دەچێت، بەهۆی خەونەوە ئەوانیتر دەبینێت؛ "خەون" تاکە جووڵە و کردەبوو دەیبینی،"لەو ساڵانەدا تەنیا لە خەونەکانیدا شتەکان ڕوویاندەدا"(هەمان، ٣٦٠) بۆیە لەناو بینیندا کە پێشتر ئازاد نەبوو نەبینێت، لێرەش ئازاد نییە، خەون نەبینێت، واتە، لێکچوون لەنێوان دەسەڵاتی سەروو سروشتی و بەعس دووبارە دەبێتەوە، کە ناتوانێت نەبینێت و خەون نەبینێت. لەم قۆناخەشدا دەکەوێتە ئاستی نا-ئازاد و بەند، کە بەندییەکەی ئازادی دەسڕێتەوە.

### ٥ـ گوتاری مانەوە: ڕزگاری عێراق و نا-ئازادبوونی عێراقییەکان

### لە نا-بەندییەوە بۆ نا-ئازادی

ئەم قۆناخە بەپێچەوانە و لێکچوونی قۆناخەکانی پێشوو، بەندەر بەهۆی هاتنی ئەمریکییەکان و ڕزگارکردنی عێراق لە زیندان ڕزگاری دەبێت، بەڵام دەکرێتە نمایشکار و بینراو، ئازاد نییە نەبینێت، نا-ئاشکراکان ئاشکرا دەبن، نەبینراوەکانیش دەبینرێن، نهێنییەکان دەزانێت کە کێیە و چۆن لەدایکبووە، لە کێ بووە. هاوکات ئەمریکییەکان و کۆمپانیای خۆرهەڵات، کە کۆمپانیایەکی

میدیاییە دەیکڕن و ئەوان ڕێگەی پێدەدەن چی بکات و چی نەکات، کێ ببینێت و کێ نەبینێت، لەگەڵ کێ قسەبکات و لەگەڵ کێ قسە نەکات، دەبێتە "موڵکی کۆمپانیاکە"(هەمان، ٤٠٢)، بەندەر لە ڕزگاریدا دەبێتە کاڵا. ئەوەی لەنێوان زیندان و دەرەوەدا هەیە، نوقسانی و نەبوونی ئازادییە، لە زیندان، بەندێکی نا-بەندە، لێرە ئازادێکی-نائازادە، یاخود دەتوانین بڵێین نا-بەندێکی نا-ئازادە، کە دەکرێ سوود لە زاراوەی ڕزگاری ببینین؛ ڕزگار دەبێت، بەڵام ئازاد نابێت.

ئازادی پەیوەستە بە بوون، هەست، کردە، بیرکردنەوە و شێوەی ژیانە، کە ئەویتر ناتوانێت بیدات. بەندەر بەهۆی دونیایەک هۆکار و شێوەگرتنی کەسێتییەکەی ناتوانێت خۆی فریو بدات و وا هەست بکات ئازادە، کێشەی بەندەر ئەوەیە هەست ناکات ئازادە، ئەم کێشەیە خۆی لەو دابڕانە زمانی و کەلتووری، جیهانبینییە ڕسکاوە دەبینێتەوە کە بەندەر نییەتی و ئەوانیتر هەیانە. ئەمریکییەکان ڕزگارکەرن، ئازادکەر نین، عێراقییەکان ڕزگارکراون، بەڵام ئازادکراونین، کاتێکیش ئازادکراون، ئازادبوو نین، لەبەرئەوە بەشێک لە عێراقییەکان لە بەندەرەوە نەخۆشی هەستکردن بەوەی ئازاد نین، دەگرن، چونکە مێژوویەک عێراقییەکان بە تۆڵە و ڕق پەروەردەکراون، ئێستا ناتوانن لەو هەستە ڕزگار و ئازادبن، با لە دەرەوە ڕزگار"بکرێن"، چۆن لەو جیهانبینی و زمان و کەلتوورە ڕزگار"دەبن"؟

بەندەر ئازادی وەک خۆی وەردەگرێت و هەستی پێناکات، بەڵام بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکانی دی ئازادی بە واتا سیاسی، کەلتووری و غەریزی دەبینن، بیریان بۆ دەکرێتەوە و بڕیاریان بۆ دەدرێت، لە زیندانیش نین، بۆیە هەستدەکەن ئازادن، مادام بەندەر لە زیندان نییە، کەواتە ئازادە، ئەوان سروشتی مرۆڤبوون و ئازادبوون لەناو چوارچێوەی مانەوەدا پێناسە دەکەن، "گوتاری مانەوە"ش


بریتییە لە چەند-ژیان نەک چۆن-ژیان(عەلی،٢٠٢١، ٦٧) بەندنەبوون= ئازادبوون، چەند لە زیندان بێت، ئازاد نییە، بەڵام بەندەر چۆن ئازاد بێی بەلاوە گرنگە، کە نازانێت و فێرنەبووە، کەلتوورەکەش یارمەتی نەداوە بۆ ئەوەی فێربێت وا هەست بکات کە ئازادە و خۆی فریو بدات، ئەوەی کە مرۆڤ هەیە و زیندووە، دەخوا و دەخەوێت، لە زیندان نییە، ئەوە ئازادە، بەندەر کە لەدەرەوەی ئەو جیهانبینی، کەلتوور و زمانە ئامادەیەیە، هەستەکانی و خۆبینینی پێی دەڵێن کە ئازاد نییە. ئەوان لەناو تۆڵە و ڕقدا دەژین، هێز و جیهانبینییە جیاوازەکان بڕیاریان بۆ دەدەن، کەوایە ئازاد نین، بەندەریش خراوەتە ناو هەمان دۆخەوە و خەریکە دەخنکێت، بەڵام ئەوان ڕاهاتوون، بۆیە پێویستییان بە هەناسەی دەستکرد نییە، هەناسەی دەستکرد یەکەیەکی واتاییە و هێشتنەوەی بەندەرە لەناو ژوورێکدا، کە دیسان وێنەی زیندانمان بیردەخاتەوە. هەناسەی دەستکرد= ئازادی دەستکرد، چارەسەری کاتی، نەمردن و زیندوومانەوە، هەناسەی ڕاستەقینە= ئازادی ڕاستەقینە، کە بەندەر هەستی پێ ناکات.


هەمووان پێیان وایە بەندەر ئازادە، بەڵام خۆی هەستدەکات نائازادە، ئەمەش لەو وێنە و دیمەنگەلە دەردەکەوێت کە بە زۆر دەیانەوێت تۆڵە لە سەرانی بەعس بکاتەوە، دەبێتە هۆی "نەخۆشبوون"ی و "نەخۆشکەوتن"ی؛ لەلایەک بەهۆی ئەوان نەخۆش دەکەوێت، نەخۆش دەبێت بەهۆی ئەو هەست و تێگەیشتنە پوخت و نەشێواوە بە کەلتووره جیاوازەکان، ئەمەش بەرکەوتنی چەندین یەکەی فەرهەنگییە، لەگەڵ یەکە واتاییە نیشانەییەکان، کە لای ئەوان یەکە نیشانەییەکان کارایە و بۆ بەندەر یەکە فەرهەنگییەکان، چونکە "بەند"=لەزینداندابوون، لای بەندەر بەند هاوتای لە زینداندابوون نییە، چونکە زیندان لە شوێنێکدا "ماڵی" بووە و ئازادییەکی هەبووە، بەڵام ئێستا لە دەرەوەی زیندان بەندە، چونکە ئازاد نییە، بەندەر کەمتر پێویستی بە خۆپاککردنەوە لە

ئەوان هەیە، بەڵام ئەوان مێژوویەک لەناو ئەو زمان و کەلتوورەدا پەروەردە بوون، لەبەرئەوە لە ڕۆمانەکەدا هێزێکی سەروو واقیعی و فەنتازی وا دەکات بەشێک لە ئەوان بە تایبەت لە گەڕەگە هەژارنشینەکان هەستبکەن کە ئازاد نین، فەنتازیش بە واتای دووری لە واقیع و مێژوو نییە، بەڵکو هەڵقوڵاوی واقیعی ڕۆمانەکەیە.

لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بەندەر لە نەوفەل دەپرسێت تۆ ئەو هەستەت نییە کە هێشتا لە زیندانیت؟ تۆ شکستت هێنا لە ڕزگارکردنی وڵاتەکەت و بوویت بە هاوڵاتی ئەمریکی، نەوفەل دەڵێ "دەمەوێت لەم وڵاتە بڕۆم تا وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەمەوە".(عەلی، ٢٠٢٢، ٤٥٤) هەڵهاتن لێرە، بەرامبەر بە ئەوێ، تەواو ڕەتکەرەوەی ئێرە نییە، بەڵام لێرەبوونی تەواو نییە، بۆ ئەوەی هەستی لە زینداندابوونم نەبێ، دەبێ لێرە نەبم، ئەمەش وەک گوتاری چارەسەرە، چونکە لێرەبوون= بەندی، نەوفەل دەڵێ، "ڕۆژبەڕۆژ وڵاتەکە هەستێکی ترسناکم تیا دروستدەکات کە دەخنکێم"(هەمان، ٤٥٤) ئەمەش سەرچاوەی ڕەخنەگرتنمانە لە گوتاری "لەوێ"بوون نەک"لێرەبوون"، کە ڕۆماننووس بوونی ئەوێ و هەڵهاتن لێرە بەجۆرێک لە چارەسەر دەبینێت، تا لێرە دووربیت باشتر هەناسە دەدەیت، ئێرە شوێنی ڕق و کینەیە، ئازادی ئێرە دەستکرد و خۆفریودانە، عێراق بووە بە وڵاتی هەستکردن بەوەی لە زیندانیت، بۆ ئەوەی لەم هەستە ڕزگارت بێت، دەبێت لێی هەڵبێیت، هەڵهاتن لێرە=خۆڕزگارکردن لەو هەستە، ئەمەش جۆرێک لە هەناسەی دەستکردە، بەڵام بانگەشەی گوتاری دەقەکە پێمان دەڵێ، نەوفەل هاوڵاتی ئەمریکییە و خەمخۆری هەیە،"بەڕێز نەوفەل، بەقسەی من دەکەیت چیتر نایەیت بۆ ئێرە. من دەزانم دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەمریکا، چاکترە زوو بگەڕێیتەوە...تکایە خۆت بپارێزە"(هەمان، ٤٥٢) ئەمە گوتاری پاراستنی هاوڵاتی ئەمریکییە کە بە زۆر ڕێگەی دەدەن بچێتە نەخۆشخانە، بەڵام

نەوفەلی عێراقی دەیەوێت بچێت بۆ لای بەندەر، نەوفەلی ئەمریکی شتێکی دیکەیە، واتە گۆڕانی نەوفەل لە عێراقییەوە بۆ ئەمریکی خۆی خوێندنەوەیەکی نیشانەناسانەی جیاواز هەڵدەگرێت، کە تا ئەندازەیەک تێهەڵکێشی سۆزی عێراقی و عەقڵی پراگماتیکی ئەمریکی بووە، بەڵام ڕۆشتن و گەڕانەوەی شۆڕشگێڕێکی دوێنێی عێراقی و بوون بە ئەمریکی، گوزارشت لە جێهێشتنی نیشتمانێکی نا-نیشتمان دەکات، کە وێرانە و نەوفەلی ئەمریکی زۆر باکی نییە، بێهیوایە و دەیەوێت خۆی ڕزگار بکات، گەر نەڕوات دەخنکێت، مانەوە= خنکان و تێداچوون، دەرچوون=ڕزگاربوون، ڕزگاربوونیش بەو هەستە عێراقییەوە= بە مانەوە.




هەرچی بەندەرە لێرە و لەسەرجێ لەو هەستەدا دەژی، لە "ئێرە"بوون و ئەو هەستە واتایی خۆی هەیە، جۆرێکە لە خۆڕاپسکاندن و یاخیبوون. ئامێرەکانی هەناسەدان دەلالەت لە مانەوە و هەڵگرتنی باری نائازادبوون دەکەن، چونکە دەبێت بەردەوام شتێک هەڵگری تا بژی، ئەوە دەکرێ زیندوومانەوە، "گوتاری

مانەوە" بێت، کە بەندەر لێی هەڵدێ، مرۆڤی عێراقی لەسەر گوتاری مانەوە و هەناسەی دەستکرد دەژین؛ ئەو هەستەیان لێبکەیتەوە دەمرن. هەستنەکردنی بەندەر بە ئازادی، کە بابەتی خودە، خودیش چ بەعس و ئەمریکییەکان بێت، شکست دەهێنن، چونکە ئەو شوناسەی خود بەسەر بەندەری دەسەپێنێت، بەندەر لێی هەڵدێ و فریوی وا بزانێ ئازادە ناخوات، بەڵکو تا ئەو ئەندازەیە خود دەکەوێت کە ئەم هەستە لەناو خەڵکیشدا بڵاودەبێتەوە؛ خود دەبێت بە بابەت و کێشەی بۆ دروست دەبێت و گوتارەکەی لەق دەبێت، چونکە بەندەر ڕەتیدەکاتەوە بەچاویلکەی ئەوان ببینێت، ئێستا بەندەر وێنەیەکی نیمچە سەربەخۆی هەیە، کە ناچێتە ناو ئەو وێنە و وێناکردنەوە بۆی دروستکراوە، بۆیە بە ڕەتکردنی بەندی بەرەو نا-ئازادی دەچێت، چونکە نا-بەندی ناتوانێت کەمی ئازادی پڕ بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وێنە بنەڕەتییەکەی بەندەر ئەوەیە کە لەناو نا-ئازادیدا لە ئازادی نزیکترە تا بەندی، چونکە بە تێگەیشتنەوە دەڕوانێتە ئازادبوونی، نەک وابزانێ ئازادە بەرامبەر بە بەندی بگرێت، یاخود ئازادی و بەندی لەناو گوتاری ئەواندا شێوەی بیرکردنەوەی دابڕێژن، لەبەرئەوە وێنەی بەندەر ناوازەیە، تا ڕادەیەکیش لە ڕووکەشی لۆجیکی دژەکان هەڵدێ، کە بە دەرچوون لە بەندی و نوقسانی ئازادی، بەرەو ئازادی ناچێت، بەڵکو دەچێتە ناو نا-بەندی و نا-ئازادی یاخود نا-ژیان و نا-مردن، زیندوویەکی مردووە یاخود مردوویەکی زیندووە. قووڵایی واتایی ئەم هەستەش دژ و ئازادبوونە لە گوتاری ئەوانیتر، کە لێکچووەکانیشی[ئەوانەی نەخۆشییەکە دەگرن]، لە دەرەوەی بەندی بەندەردان. ئەم هەستە دەچێتەوە ناو گوتاری مانەوە و لێشی هەڵدێ، بەڵام گوتاری ئەوانیتر کە هێزیان هەیە و هەناسەی دەستکرد دەبەخشن، لە مردن هەڵدێن و مێژوویەکە لەناو بەرگری مانەوەدا ژیاون، فێربوون چۆن بمێننەوە، خۆبگونجێنن، کە سەر بە گوتاری مانەوەیە و بەندەر لە دەرەوەی ئەم

ڕاهاتن و خۆفریودانەیە، لەبەرئەوە خۆی وەک نوێنەری مردووەکان دەبینێت، نا-ئازادی=نا-ژیان، لەبەرئەوە ڕەتیدەکاتەوە پووری و وێنەی دایکی و خێزانەکەی ببینێت، بەندەر سەرسامە بە مانەوەی، چونکە نزیکەکانی هەموو لە سێدارە دراون، چۆنە ئەم ماوەتەوە! بۆیە ئازاری ویژدان نەخۆشییەکە و هەست ناکات دەژی و ئازادە. لە کۆتاییدا وێنەی واتایی بەندەر ململانێی گوتاری ئەوانیترە کە سەر بە گوتاری مانەوەن، لە کۆتا لاپەڕەی ڕۆمانەکەدا دکتۆر خالقی لێی دەپرسێت"هۆو بەندەر کەی لەم هەستە ڕزگارت دەبێت؟" بەپێکەنینەوە دەڵێت"دکتۆر مرۆڤ ڕادێت...بەندەر ڕاست ناکات ڕانەهاتووە"(هەمان، ٤٥٨)، تەنانەت کۆتا وشەکانی ڕۆمانەکەش گوزارشت لە گوتاری مانەوە دەکات و بەندەر ڕوو لە ئەوان دەکات و دەڵێ"سەیرکەن، هێشتا زیندووم، هێشتا دەژیم، هێشتا ماوم"(هەمان، ٤٥٨)، مانەوەی بەندەر جۆرێکە لە پڕکردنەوەی چاوی ئەوانیتر لە گوتاری مانەوە.

**ئەنجام:**

* دووانە دژو بەرامبەرەکان هەڵسووڕێنەری ڕۆمانەکەن، لەسەرەتاوە چیرۆک و واقیع بەر یەک دەکەون. هەندێک لە دووانە بەرامبەرییەکان سروشتین و هەندێکیان مێژووکردن، سروشتییەکان لەناو پرۆسەی گێڕانەوەدا بەپێی دۆخ و هەستەکان دەگۆڕێن، بەندەر لە زیندان لەدایکدەبێت، هەستە سروشتییەکانی دواتر شێوەدەگرن و دەگۆڕێن، بەڵام مێژووکردەکان ئاڵۆز و ناکۆکن، لە ڕواڵەتدا دەگۆڕێن و لە بنەڕەتدا دووبارە دەبنەوە؛ لە ئایدۆلۆجی بەعسدا بەندەر دەکەوێتە ناو دژێکی ناکۆکەوە، چونکە تاوانبار و بێ تاوانە، کوردە و کوردیش نییە، بەڵام بەعسییەکان تا مردن و لەسێدارەدانیش هەر بە بەعسی دەمێننەوە و دەیانەوێت بەندەر بکەن بە بەشێک لە خۆیان، هەرچی

گۆڕانی بەعسییەکانیشە بەپێی مێژوو دەسەڵات و توانایان دەگۆڕێت، هاتنی ئەمریکییەکان= بە خستنی دەسەڵاتی کردەکی بەعس.

* بەندەر لەناو ماڵی بێگانە لەدایکدەبێت، ئەو ماڵەش زیندانە، کەواتە لەناو دژی ناجۆردا لەدایکدەبێت، تاکە فەیلیشە لەناو سیستمەکەدا ماوە، لەبەرئەوە هەڵسوکەوتی سیستمەکە لەگەڵیدا لێوانلێوە لە ئەزموونی نوێ و یەکەی واتایی دژ و ناکۆک، واتاش لێرەدا هەڵدەقولێت، چونکە خود گیر دەخوات بەدەست بابەتەکەیەوە و نازانێت نەفرەتی لێبکات یان وەک کوڕی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات.

* بەندەر وەک لەناوەکەیەوە دەردەکەوێت بەندێکی ئازادە، لەناو چوارگۆشەی واتاییدا بەپێی قۆناخەکانی ناو زیندان بۆ بینینی دونیای دەرەوە و ئازادبوون، ئەزموونی جیاواز تاقیدەکاتەوە، ئازادی و چەمکە پەیوەستەکانیشی دەبنە چوارچێوەی تێگەیشتن لەم مناڵە کە لەدەرەوەی جیهانبینییە جیاوازە ئامادەکانەوە دەبینێت، وێنەیەکی نوێی هەیە و ئەمەش وا دەکات شوناسێکی ناجێگیر، بەڵام پتەوی هەبێت، کە بە ئاسانی سیستمەکان نەتوانن ڕامی بکەن، بۆیە بەعسی و ئەمریکییەکانیش بۆیان دەستەمۆ ناکرێت.

* چەمکی ئازادی و بەندی لە چوارگۆشەی واتاییدا فرەڕوو و فرەڕەهەندە، لەسەر ئەم بنەمایە بەندەر پەیوەندییە جیاوازەکانی دژ، ناکۆک و لەخۆگرتن ئەزموون دەکات، لێرەشەوە چەمکی گوتاری مانەوەمان وەرگرتووە کە ڕۆماننووس لەکارە تیۆرییەکانیدا کاری لەسەر کردووە. خوێندنەوەمان بۆ دۆخی بەندەر و مرۆڤی عێراقی، پەیوەستە بەو نەخۆشیەی بەندەر بڵاویدەکاتەوە و دەبێتە گوتاری دەقەکە. سیستمەکە پێویستی بەوەیە مرۆڤەکان هەستبکەن ئازادن، بەڵام نەخۆشییەکە دژی سیستمەکەیە؛ وا دەکات هەستبکەن نا-ئازادن، بۆیە پێویستییان بەهەناسەی دەستکردە، کە گوزارشت لە مانەوە و دەرچوون لە

مانەوە دەکات؛ لەنێواندایە و تەواوکەری پەیوەندیی یەکە واتاییە نێوانییەکانە کە وێنەی بەندەر بەرجەستە دەکات؛ نە دیلە نە ئازادە، نە کوردە، نە عەرەبە.. لەبەرئەوە نەخۆشییەکە بەرامبەر بە سیستمەکە جۆرێکە لە تەندروستی و بەندەر لە بابەتەوە بۆ خود دەگۆڕێت.

* ئایدۆلۆجیای بەعس وەک قوتابخانە کاری لەسەر پەروەردەکردنی کادرەکانی کردووە، بەندەر وەک بابەت بەر قوتابخانە و قوتابییەکانیش دەکەوێت، لەنێوان سیستمی قوتابخانەکە و بیروباوەڕی قوتابییەکاندا ناکۆکی قووڵ نییە، بەڵام ناکۆکییەکان پەیوەستە بە جیهانبینیی قوتابخانەکە لەبارەی بابەتەکەوە، کە وەک شەیتان و دژ سەیری دەکات، بۆیە قوتابییەکان کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بەندەر هەیە، کێشەیان بۆ دروست دەبێتو دەکەونە ناو ناکۆکییەوە، شوێنەکەش زیندانە، زیندانییەکانیش دژی قوتابخانەکەن و خۆشیان قوتابخانەگەلێکن بەرامبەر قوتابخانەی بەعس، بۆ نموونە مامۆستا فوئاد وانەی دژە بەعس بە بەندەر دەڵێتەوە، ئەم دوو قوتابخانەیە شێوە نەک ڕۆح بە بەندەر دەدەن؛ بەندەر دەبێتە قوتابخانەی سێیەم، بە دیدی ئێمە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکەی لە وڵاتدا بەرهەمی ئەم قوتابخانەیەیە.

**پەراوێزەکان**

* ئالگێرداس جولیان گریماس، لە **١٩١٧** لە شاری تولا (وڵاتی لیتوانیای ئەمڕۆ) لە باشووری مۆسکۆ لەدایکبووە، لە ساڵی **١٩٤٩** لە فەڕەنسا و زانکۆی سۆربۆن دکتۆرای لە ئەدەبیات بەدەستهێناوە. گریماس زۆربەی کارەکانی بە زمانی فەڕەنسی نووسیوە. لە نێو کارەکانیدا زیاتر بە تیۆری "چوارچێوەی گریماس: Greimas Square" ناسراوە. هاوشان لەگەڵ ڕۆلان بارتدا، بە دیارترین نیشانەناسانی فەڕەنسی دادەنرێت. لە پاش بڵاوبوونەوەی "واتاناسی بونیادی" و "لەبارەی واتا"وە بە گەورەترین تیۆریزانی واتاناسیی گێڕانەوە ناوی دەرکرد و بووە دامەزرێنەری سیمۆلۆجیای گێڕانەوە. ساڵی **١٩٩٢** لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا کۆچی دوایی کردووە.

** مۆدێلی ئەکتانتەکان The Actantial Model گریماس بەسوودوەرگرتن لە پرۆپ بۆ گێڕانەوەناسی سوودی لێوەردەگرێت. لە سێ دووانە: خود/بابەت"، "نێرەر/وەرگر"، "یاریدەدەر و ڕێگر" پێکهاتووە، گریماس پێیوایە لە گێڕانەوەدا خود/بکەرێکمان هەیە کە بە دوای بابەت/ئامانجێک دەکەوێت، نێرەر دەینێرێت بۆ ئامانجەکە و وەرگریش سوودبەری بابەتی بەدەستهاتووە، لەنێوان بکەر و بابەتدا دووانەی ڕێگر و یاریدەدەرمان هەن، کە یاریدەدەر یارمەت و ڕێگریش بەرهەڵستی خود دەکەن بۆ گەیشتن بە بابەتەکە.

## سەرچاوەکان

*** کوردی**

- شارەزووری، یادگار لەتیف (٢٠١٥)، دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون.
- عەبدولڕەحمان، لهۆن قادر (٢٠١٣) دووالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا، ماستەرنامە: زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان.
- عەلی، بەختیار(٢٠٢٠)، گوتاری مانەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.
- ......... (٢٠٢٢)، بەندەر فەیلی، چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.
- مەنتک، حەمە (٢٠١٩)، سیمۆلۆژیای گێڕانەوە، هەقایەتی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی بە نموونە، سلێمانی: دەزگای سەردەم.
- کەمال، محەمەد (٢٠١٥)، مێتافیزیکی ئەریستۆ، سلێمانی: دەزگای سەردەم.
- ....... (٢٠١٦)، لۆجیکی هیگڵ، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای سەردەم.
- ناوخۆش، سەلام و خۆشناو، نەریمان (٢٠٠٨)، زمانەوانی، بەرگەکانی (١-٢-٣)، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی منارە

*** فارسی**

- حمیدرضا شعیری،(١٣٨٨)، از نشانەناسی ساختگرا تا نشانە-معناشناسی گفتمانی، فصلنامە نقد ادبی س٢، ش٨.
- سرکاریزی، حسین‌پور، احمد، علوی‌مقدم، مهیار، فیروزی‌مقدم، محمود(١٣٨٩)، تحلیل ساختار روایی و کنش گفتمان رمان سمفونی مردگان برپایە، نظریە نشانە-معناشناختی روایی گریماس، فصلنامە روایت‌شناسی، سال٣ شمارە ٦.
- سجودی، فرزان(١٣٨٢)، نشانەشناسی کاربردی، چاپ اول، تهران: قصە.
- سیبیاک، تامس آلبرت(١٣٩٩). نشانەها: درآمدی بر نشانەشناسی، ترجمەی محسن نوبخت، چاپ، دوم، تهران: علمی.
- صفوی، کورش(١٣٩٨)، آشنایی با نظریەهای نقد ادبی، تهران: علمی.

- عباس، علی و مرادی میترا(۱۳۹٦). بررسی تولید معنا در نظام گفتمانی روایی رمان " و اگر حقیقت داشت" اثر مارک لوی بر اساس الگوی مطالعاتی گرماس. فصلنامه نقد و زبان ادبیات خارجی، دوره چهاردهم، شماره ۱۹.
- گرمس، آلژیرداس ژولین(۱۳۸۹)، نقصان معنا، ترجمه حمید رضاشعیری، چاپ اول، تهران: علم.
- م جونقانی، سعود الگونه(۱۳۹۵)، توان تحلیلی ((مربع نشانه‌شناختی)) در خوانش شعر، فصلنامه علمی-پژوهشی نقد ادبی، س ۹، ش ۳۳.
- مکاریک، ایرنا ریما(۱۳۹۰). دانش‌نامەی نظریەهای ادبی معاصر، ترجمەی مهران مهاجر، محمد نبوی، چاپ: چهارم، تهران: آگهه.
- مکوئیلان، مارتین(۱۳۹۵)، گزیده مقالات روایت، ترجمەی فتاح محمدی، چاپ، دوم، تهران: مینوی خرد.

*** عەرەبی**

- ا.ج. غريماس (۲۰۱۸)، سيميايات السرد، ترجمه و تقديم د.عبدلمجيد نوسي، الطبعه الاء، المركز سقافي العربي، دار بيضاء-مغريب.
- بوعطية، سعيد(۲۰۱۳)، المرجعية المعرفية للسيميائيات السردية (جريماس نموذجا) مجله، semat Vol, 1, No.1.
- علوش، سعيد(۱۹۸۵)، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، طبع ۱، البنان: دار الكاتب.

*** ئینگلیزی**

- Algirdas Julien Greimas,(1987), On Meaning Selected Writings in Se1niotic Theory, Translation by Paul J. Perron and Frank H. Collins, University of Minnesota Press, Minneapolis.

## الملخص

مربع المعنى (Semantic square) طريقة نموذجية لتحليل النص، اسسها غريماص على اساس ثنائية المتقابلين (الضدين)؛ حيث ان معاني الدلالات لا تتشكل من خلال علاقاتها وتواصلها فحسب، بل وكذلک من خلال ثنائيات متقابلة تؤسس لعلاقات جديدة متنامية من ثنائية وحيدة نحو ثنائيات عديدة. فثنائية 'الحر' / 'السجين' في رواية (بندر فيلي)، اسست عالم دلالي وهي (اي الثنائية ذاتها) اساس لعلاقات دلالية جديدة، حيث يتولد من هذه العلاقات الجديدة، خطابا تحت عنوان 'خطاب البقاء'، ومن خصوصيات هذا الخطاب، الانسجام مع الواقع في سبيل البقاء على قيد الحياة، يفضل العمر المديد غير مكترث لجودة هذا العمر. فبطل الرواية 'بندر' ذات شخصية مزدوجة: انه سجين حر وحر سجين؛ انه حي من خلال التنفس الصناعي و البقاء داخل الفراش. يعكس بطل الرواية وهو غلام صغير، سلسلة تأريخية من دلالات المعنى، يقابلها نظام البعث وايديولوجيته. لهذه الثنائية تأريخ طويل من الصراع. تنبثق دلالات المعنى هذه من ذلک التأريخ. يأتي البطل الى الوجود وسط هذا التأريخ غير واع لمكوناته؛ والده رجل بعثي و والدته امرأة كوردية فيلية. هناک العديد من دلالات التناقض والتضاد والتداخل داخل حبكة وبنية الرواية؛ ومربع المعنى عند غريماص يركز على هذه العلاقات؛ ونظريته خليط من تصورات شكلانية وبنيوية نتجت عنها سيمولوجية السرد.

كلمات الدالة: خطاب البقاء، الضد، التناقض، التداخل، مربع المعنى.

## abstract

The (Semantic square) is a typical method for text analysis which Greimas established ion the basis of an opposite dualism, in which the semantic meanings are not only formed through their relationships and communications, but also through opposite dualisms that lead to new growing relationships towards malty dualisms. The dualism of 'the free' / 'the prisoner' in (Bandar Faili) novel, established a semantic world, and the dualism here is the basis for new semantic relations, as a discourse is generated from these new relations under the title of the "discourse of survival", and some of the characteristics of this discourse, is been harmony with the reality in order to survive, long life is preferred, indifferent to the quality of this life. The protagonist of the novel, 'Bandar', has a dual personality: he is a free prisoner and a prisoner free. He is alive through Ventilator and laying in the bed. The protagonist of the novel, who is a small kid, reflects a historical chain of semantics, corresponding to the Baath regime and its ideology. This duality has a long history of conflict. The semantics of this meaning emerge from that history. The hero comes into existence in the midst of this history, unaware of its components; His father is a Baathist man and his mother is a Faili Kurdish woman. There are many indications of contradiction, opposition, and overlapping within the plot and structure of the novel; The square of meaning according to Griemas focuses on these relationships. And his theory is a mixture of formalist and structuralist perceptions that resulted in the narration semiology.

Keywords: discourse of survival, opposite, contradiction, overlapping, Semantic square.